

# بزوتنەوەی فیمینیزم

سەرپەرشتیاری پرۆژە:
ئەنوەر حسێن «بازگر» - لوقمان ڕەئوف

# ئایدیا

گۆڤارێکی فکریی فەلسەفییە، گرنگی بە لێکۆڵینەوە و وەرگێڕان دەدات


خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا

سەرنوسەر: ئەنوەر حسێن

a·bazgr@gmail·com

07701535029

جێگری سەرنوسەر: لوقمان رەئوف

lukmanraoof@yahoo·com

07701369792

تایپ و هەڵەچن:

باوان عومەر، دیلان دڵشاد

چاپ: چاپخانەی کارۆ

بەڕێوەبەری هونەری:

هەرێم عوسمان

## بنەما فەلسەفییەکانی بیرکردنەوەی فێمێنیستی خۆرئاوایی
## رەخنەگرتن لە بیرکردنەوەی نێرینە

وفیق سلیگین
و. ئاوات ئەحمەد

لەساڵی 2005دا کتێبێکی خەدیجە ئەلعەزیزی (بنەما فەلسەفیەکانی بیرکردنەوەی فێمێنستی خۆرئاوایی) بڵاوکرایەوە، نووسەر لەشەش بەشدا باس لەهەموو ئەوانە دەکات کەپەیوەسنە بە رێبازی ژنانەوە، مێژوو، قوتابخانە، ئاراسنەکانی و پێشنیارە تیۆرییەکان و تێڕوانینیە فەلسەفی و فکرییەکانی.

سەبارەت بەسەرهەڵدان و دیاریکردن، توێژەر دەڵێت «زاراوەی رێبازی مێینەیی (النسوی)، لەو فکرە نراوە کەلایەنگری مافی ژنانە، بانگەوازی ئازادی دەکەن کە دەسەڵاتی نێرینە بەسەریاندا سەپاندوویەتی، ئەم بیرکردنەوەیە لەخۆرئاوا لەناوەڕستی سەدەی نۆزدەدا دەرکەوت وەک بەشێک لەگوتاری رۆشنگەری، پاشان بۆ ئەمریکا گوازرایەوە، ئەم زاراوەیە ئەوە لەخۆدەگرێت کەژنانی چەوساوە، یان پەیوەندی جێندەری جێگیر نییەو ناکرێت بخرێتە ناو چوارچێوەی جیاوازییە سروشتییەکانی نێوان هەردوو رەگەزەوە، ئەمە جگە لەوەی ئەوە لەخۆدەگرێت کەدەبێت بەناچاری ژیانی ژنان بەرەو باشتر گۆڕانی بەسەردا بێت.

راستە زاراوەی مێینەیی تازە داهێنراوە، بەڵام ئەو بیرکردنەوەی باس لەئازادی ژنان دەکات زۆر کۆنە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بەرگرییەی کەژنان لەدژی بارودۆخی پاشکۆییان لەسەدەی حەڤدەدا دەریانبڕی، لەو ماوەیەدا گۆڕانکاری ئابووری و سیاسی گەورە روویاندا، کەبووە هۆی گۆڕینی هەموو پەیوەندییە

ئەقلیدیەکان کەکۆمەڵگەی بەرلەپیشەسازی دیاریکردبوو، لەگەڵ پەرەسەندنی سەرمایەداریی پیشەسازی و گۆڕانی مانای سیاسی و ئابووری خێزان، پێگەی ئەقلیدی ژنان تووشی داڕمان هات، لەسەدەی هەژدە و نۆزدەدا لەلایەن چەند بیرمەند و فەیلەسوفێکی ژنەوە داوای یەکسانی لەگەڵ پیاودا لەڕووی سیاسی و یاساییەوە دەکرا، بەڵام ئەو دەنگانە کەدەبیستران تاکو ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە، کەلەناو شۆڕشە ئەوروپیەکان و سەرهەڵدانی دیموکراتیدا گۆڕانکاری گەورە روویاندا، لەو ماوەیەدا بۆ یەکەمینجار زاراوەی فێمێنیست بەکارهێنرا، وەک ئاماژەیەک بۆ گروپە پەیوەست و گۆڕاوەکان، کەهەموویان ئامانجیان بەرزکردنەوەی ئاستی ژنانە و تاکو بەرەو پێش پاڵی پێوەنێن.

لەساڵی 1960دا ژیانەوەیەکی نوێ لەبیرکردنەوەی فێمێنیستیدا روویدا، کەبەشەپۆلی دووەم ناسرا، کەرەخنەکانی قوڵکردەوە و گرنگیپێدانەکانی بەرفراوانکرد، کەفکری فێمێنیستی بەهەموو ئەو توێژەرە پیاو و ژنانە دەوترا ،کەبەدوای شێوازەکانی لەناوبردنی پاشکۆیەتی ژن بۆ پیاو دەگەڕان، ئەمە بەدەر لەدەسپێکی توێژینەوەیەکان، کەبیرکردنەوەی فێمێنستی لەشەپۆلە سەرەتاییەکانیدا زمانی ماف و یەکسانی بەکارهێنا، لەکۆتاییەکانی ساڵی 1960دا وشەکانی سەرکوتگەری و ئازادی، بوونە وشەی بەرایی هەموو کارێکی سیاسی چەپە نوێیەکان، کەبزوتنەوە رزگاریخوازەکان سەریانهەڵدا، وەک بزوتنەوەی رەشپێستەکان و جوڵانەوە رزگاریخوازەکانی جیهانی سێهەم، کەسروشتی بوو باس لەفکرەی فێمێنیستی نوێ بکەن کەبەناوی بزوتنەوەی رزگاری ژنانەوە ناسرابوو، لایەنگرانی ئەم بیرکردنەوەیە هێز و دەسەڵاتی هەنوکەی ناو کۆمەڵگایان رەتدەکردەوە، داوایاندەکرد دان بەگروپە پەراوێزییەکان و سەرکوتکراوەکاندا بنێن و رێزیان لێبگرن.

### فەلسەفەی فیمینیزم:

دەتوانین بڵێین لەهەردوو دەیـەی کۆتایی سـەدەی بیستدا، مەزهەبی فێمێنیستی لەپلەیەکی بەرزدا دانی پێدا نرا، بەتایبەتی لەناو زۆرێک لەگوتارە فەلسەفی و سۆسیۆلۆژی و مرۆییەکاندا، زۆرێک لەبیرمەندەکانی بزاوتی فێمێنیستی بەدوای

دانانی تیۆرەیەکی رەخنەییەوە بوون، کەیارمەتی گۆڕانی کۆمەڵگە بدات، بەدوای ئەو بنەما فەلسەفیەدا گەڕان، کەئەم تیۆرەیەی لەسەر بوونیاد بنێن، بەشێوەیەک کەخاوەنی سیمای تایبەتی خۆی بێت و لەتیۆرەکانی تری جیابکاتەوە، ئەویش بەهۆی ئەو گرنگیدانە ورد و بەرنامە هەمەچەشنەی هەیەتی، لەگەڵ ئەو هەموو پرسیارە جیاوازەی سەبارەت بەهۆکارە کۆتاییەکانی زوڵمی واقع لەسەر ژنان هەیەتی، لەگەڵ شێوازەکانی بەرەنگاربوونەوەی، ئەویش بۆ هەوڵدان بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی ئازاد تادوا ئەندازە ئازادی تێدا فەراهەم بێت.

لەگەڵ بوونی Empowerment واتە بەتواناکردنی ڕێبازی فێمێنیستی لەناو کۆمەڵگەی خۆرئاوایی هاوچەرخدا، تێبینی ئەوە دەکرێت بزاوتێک یان ڕێبازێکی دیاریکراو نییە نوێنەرایەتی ئەم بیرکردنەوەیە بکات، بەڵکو چەندەها بزاوتی زۆر هەن کەسەر بەئایدۆلۆژیا و فەلسفەی جیاواز جیاوازن، کەبیرکردنەوەی فێمێنیستی لیبرالی و مارکسی و سۆسیالیستی و رادیکاڵی و هتد هەن، هەروەها ئاراستەیەکی تری فێمێنیستی هەیە لەژێر کاریگەری پۆستمۆدێرنەدایە Postmodernism لەژێر ناوی پۆست فێمێنیزم Post-feminism دەرکەوت، ئەوەی تێبینی دەکرێت هەموو ئەم گروپانە بەهەمەچەشنەیان لەیەک شتدا هاوبەشن، ئەویش لەرەخنەگرتن و بەرهەڵسنکاریکردنی پەڕگیری ئاینی و رەگەزی و ئیمپریالیزم، هەروەها لەبەکارهێنانی چەمکە نوێیەکاندا هاوبەشن، لەگەڵ بەرفراوانکردن و پەرەپێدانی چەمکەکانی ئەم، قوڵاییەکی زۆری پێبەخشیوە و فکری سیاسی و رۆشنبیری پێدەوڵەمەند کردووە.

ئەو داواکارییانەی ژنان بەزمانێکی نوێ گوزارشتیان لێوەکرد، لەبواری رەخنەگرتنیان لەتیۆرە سۆسیۆلۆژییەکانەوە دەرکەوت، بەشدرایان لەپەرەپێدانی چەمکەکانی وەک پەتریاریکی، ئایدۆلۆژی، رۆڵی جێندەری و کۆمەڵایەتی، کەمارکسیزم و فینۆمینۆلۆژیای کۆمەڵایەتی، بوونە سەرچاوەیەکی نوێی فکری فێمێنیستی لەشەست و حەفتاکانی سەدەی بیستدا.

### پۆست مارکسیزم:

بیرمەندە فێمێنیستیەکان درکیان بەوە کرد، کەئەو چەمکانەی لەچوارچێوەی مارکسیزمدا لەبەردەستدان، بەسنیین بۆ دامەزراندنی تیۆرێکی

ئەقڵانی دەربارەیی ئوخم، یان رەگەز (الجنسیە) ، لەبەرئەوە بەدوای سەرچاوەی نوێدا گەڕان، کەسەرنجیان لەو دوریانە زمانەوانییەدا، کە کاریگەری زۆری لەسەر بواری زاراوەنی و فەلسەفە و سۆسیۆلۆژیا هەبوو، هەروەها توانی فەلسەفەی پۆسنمۆدێرنە بەکاربهێنێت لەنمونەی (میشێل فۆکۆ و ژاک درێدا)، هەروەها بەشێک لەفەلسەفەی دەروونشیکاری لاکانی، ئەمەش وایکرد تیۆرەی رەخنەیی لای ئەمان لەبواری سۆسیۆلۆژیی و مێژوویەوە بۆ بواری فەلسەفە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و رۆشنبیری هەنگاو بنێت.

لەچارەکی کۆتایی سەدەی بیستدا تێبینی ئەوە دەکرا، کەفەلسەفەی فێمێنیستی پەرەسەندنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینێت، کەچەندەها چەمکی لەخۆگرت، کەلەسەر دەستی فەیلەسوفەکانی بزاوتی فێمێنیستی داهێنرا و پەرەی پێدرا، لەگرنگترینیان چەمکی جێندەر Gender بوو، لەگەڵ چەمکی پەتریارکی Patriarchy، و چەمکی چەوسانەوە oppression بوو، ئەم چەمکانە بوونە هۆی پەرەسەندنی فکری سیاسی فێمێنیستی هاوچەرخ، توێژەر لەسەر ئەم چەمکانە وەستا و بەدوای مێژووی ئەم چەمکانەدا گەڕا، هەروەها زوو ئەو گرفتانەی لەپشت بەکارهێنانییەوە هەن ئاشکرا کرد، دواتر بەسەرچاوە سەرەکییەکانییەوە بەستەوە کەلەناو فکری فێمێنستی هاوچەرخ.

لەبەرامبەر ئەمانەدا نووسەر بەشێکی فراوانی بۆ رەخنەگرتن لەرێبازی فێمێنیستی لەفەلسەفەی سیاسی خۆرئاوایدا تەرخانکردووە، کەهاتنە ناوەوەی فیکری فێمێنیستی بۆ ناو بیرکردنەوەی فەلسەفی بۆ سەدەی هەژدە دەگەڕێتەوە و رابەرەکەی ماری ولنسۆن کرافت بووە، لەم ئاراستەیەوە بیرمەندانی رێبازی فێمێنیستی چوون بۆ شیکردنەوەی کەلتووری فەلسەفی و رەخنەیان لێگرت، بەتایبەتی ئەوەی فەلسەفەی سیاسی کلاسیکی لەناو خۆیدا لەو دەقە نێگەتیڤانەی دەربارەی ژن لەناو خۆیدا هەڵیگرتووە، وەک ئەوەی ئەمە بیرکردنەوەیەکی نێرسالاریانەیە، لەسەر بنەمای هەرەمی کۆمەڵایەتی ریزبەندیانە Social Hierarchy دامەزراوە، کەبەرەنگاربوونەوەی فێمێنیستیانەی تێدایە بۆ بیروڕایەکانی ئەفلاتوون و ئەو راڤەکردنانەی دژ بەژنان هەیەتی، هەروەها رایەکانی دیکارت کەجین فلاکس وایلێکدەداتەوە راکردنە لەجەستە و سێکس و لەخشتەبردنی نەستی.

لەم بارەیەوە ئەو رەخنەیەی کارۆڵ گۆڵدمان بۆ کەلتووری فەلسەفی هەیەتی، کەتاک نێروانینە، یان ئەوەی مارسێل لاکوست پێیگەیشت کەفەلسەفەی تەقلیدی کۆمەڵێک هۆکاری بەکارهێناوە بۆ دارشتنی جیکاری و دوبەرەکی، بۆ بەڵگە هێنانەوەی بۆ ئەم بیرکردنەوەییەی، رەخنە لەفەلسەفەی ئەخلاقی هیۆم و فەلسەفەی کۆمەڵایەتی ژان ژاک رۆسۆ دەگرێت، بەوەی ئەم دوانە فەلسەفەی نێرینەیین و لەرووی فۆرم و ناوەرۆکەوە بریار لەو دوو دابەشبوونە تەقلیدیە دەدەن ، کەئەمەش وای لەفلاکس کرد دوورتر بڕوات، کەببینێت هەموو فەلسەفەی تەقلیدی گەرانەوەی زایەڵەییە بۆ ئەزموونی منداڵی فەیلسوفە نێرەکان و گرفتەکانیان، ئەو وادەبینێت هەموو ئەم تیۆرانە خاوەنی سیمایەکن هەموو سیمایەکی کارلێکی و کۆمەڵایەتی لەپەرەسەندنی مرۆیی رەتدەکەنەوە و شێوەیەکی ناکرەویی لەخۆدەگرێت، جەخت لەسەر گۆشەگیری و سەربەخۆبوون دەکاتەوە، ئەویش لەسەر بنەمای دژبەیەکبوونی رۆح و جەستە، ئەقڵ و سۆز، بیرکردنەوەی باڵادەستی و هەژموونی دەردەخات و کۆنترۆڵی جەستە و سۆز دەکات و بەرەورووی ترس لەژن دەبێتەوە، بەمەش بەهای ژن و هەموو ئەوانەی پەیوەستن بەژنەوە کەم دەکاتەوە، وەک سێکس و سروشت و جەستە، لێرەوەیە هێزی ژنان بەمەترسی زانراوە ئەبێت بەهۆی دەسەڵاتی باوکسالارییەوە جڵەوبکرێت.

**سەرچاوە:**

خديجة العزيزي ، الآسس الفلسفية للفكر النسوي الغربي ، دار بيسان ، بيروت ، طب 1:2005

## بزوتنەوەی فێمێنیزم

لوقمان رەئوف

### پێشەکی:

لەگەڵ دروستبوونی مرۆڤدا ڕەگەزی نێرو مێ دوو ڕەگەزی سەرەکی ژیانن و هاوسەنگیان هاوسەنگی ژیانی پاراستووە و درێژەی بە ژیان داوە، بەڵام پاشان لە ئەنجامی داب و نەریت و کلتور و دەسەڵات..... تاد، وایکردووە پیاو لە ڕێگەی هێزو بازویەوە خۆیکردبێتە دەسەڵاتی یەکەم و لەو ساتانەوە ئیدی دەسەڵاتی یەکەم و دووەم سەریهەڵداوە.

هەرچەندە بۆچونی جیاواز لەسەر ئەوە هەیە دەسەڵاتی یەکەم لەکۆندا ژن بووەو پاشان ئەم دەسەڵاتە پیاو لێیوەرگرتوەتەوە، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئەم ململانێ وخۆ بە دەسەڵاتدار زانین و لە بەرامبەریشدا کەمکردنەوەی بەرامبەر، مێژوویەکی دوورو درێژی هەیەو لە سەردەمی ئەمڕۆشدا، ژن پیاو بە بەرپرسی یەکەم لە پەراوێز خستنی و مافخواردنی دەزانێت.

### چەمکی فێمێنیزم

وشەی فێمێنیزم (feminism) وشەیەکی لاتینیەو بە (femina) بەکارهاتووە بۆ مانای ژن (women) بەکارهاتووە و دواتر لە زمانی ئینگلیزیدا وشەی (feminine) بەکارهاتوە و لە فەرەنسیشدا(feminisme) و (feminine) بەکارهاتوە.

بزوتنەوەی فێمێنیزم بزوتنەوەیەکی رۆژئاواییەو لە سەرەتاشدا بە بزوتنەوەی ڕزگارکردنی ژن بەکارهاتوە و کار لەسەر نەهێشتنی جیاوازی لەنێوان ژن و پیاودا دەکات و کارکردنی ژنانە بەبێ گوێدانە رەهەندی بیری فەلسەفی پیاوانە، یاخود ڕێکخراوێکی بیریەو ڕێگەیەکی پاڵنەرە بۆ بەرژەوەندی ژنان و کار بۆ فراوانی دەسەڵات و مافەکانی ژنان دەکات. هەرچی (لویز توبان)ە لە بارەی ژنانی کەنەداوە هەندێک دوورتر دەڕوات و دەڵێت "فێمێنیزم بریتییە لە داماڵینی وەعی (لە سەرەتادا تاک پاشان گشتی)لەپێناو دروستکردنی شۆڕشێک دژی هاوسەنگی هێزی ڕەگەزی و نەهێشتنی پەراوێز خستنی تەواوی ژنان لە ساتێکی مێژویی دیاریکراودا».

هەندێکی تر پێیانوایە (ژنان، پیاوان) فێمێنیزم پەرچەکردارێکی نێگەتیڤە لەدژی ڕەگەزی بەرامبەر، ئەمەش زیادەڕۆیی، یان لادانە لە بیرکردنەوە، یان ڕەوشی ئەو ژنانەی کە شەڕ لە دژی پیاوان و کۆمەڵگەو دەزگاکانی دەکاتـ.

بە درێـژایـی مێژوو دەسـەڵاتـی پیاوسالاری و بەردەوامبوونی ئەم دەسەڵاتە و مانەوەی ئەم هەیمەنەی نێرینەیەو بەردەوامبوونی لەگەڵ ئەو شۆڕشە تەکنۆلۆژیایانەی کە بە درێژای سەدەی بیستـ هاتنە ئاراوە، فەیلەسوفی سۆسیۆلۆژی فەرەنسی(بیار بوردیو) لەم بارەوە دەڵێتـ"لەئەنجامی بەهێز بوونی دەسەڵاتـ و کۆنترۆڵکردنێکی ناهۆشیارانەی گشتی لای مرۆڤ، وایکردووە ببێتە ڕەگەزێکی نەبینراو و هەستپێنەکراو لە نێوان پەیوەندییەکانی ژن وپیاودا، ئەم هێزە شاراوەیەش زیاندەگەیەنێتـ، بەڵام ئەوەندە هەیە دەتوانرێتـ لەم دۆخە ناهۆشیارە دەربچێتـ و بگۆڕێتـ بۆ دۆخی هۆشیاری، ئەمەش هەنگاوێکە بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی ژنان لە ڕێگەی هەوڵ و بیر و توانستی خۆیان، یان لە ڕێگەی یەکگرتنی بزوتنەوە جیاوازەکانەوە کە مەبەستیانە گۆڕانکاری بکەن و لە بری پڕۆژەی تر بخەنەڕوو.

بەم پێیەش بێتـ بزوتنەوەی فێمێنیزمی بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی گۆڕانکارییەو ئامانجی لەناوبردنی هەموو ئەو شتە هەڵەو باوانەیە کە لە کۆمەڵگەدا هەن و بەهۆیانەوە ژنی پەراوێز خستووە و لەم ڕێگەیەشەوە دەتوانێتـ ژن و بارەکەی بکاتە بارێکی کارا لە کۆمەڵگەدا.

### مێژووی بزوتنەوەی فێمێنیزم

لە بارەی مێژووی سەرهەڵدانی مێژووی فێمێنیزمەوە بۆچونی جیاواز هەیە، هەندێک پێیانوایە سەرەتای ئەم بزوتنەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی (18) و سەردەمی شۆڕشی فەڕەنسی، شولامین فایرستۆن لە ساڵی (1970) دا پێیوایە "دەسەڵاتی نێرینە کۆنترین و سەختترین دەسەڵاتە لەجیهاندا" سیمۆن دی بوڤوار لە ساڵی (1949) ئەوەی خستوەتە روو کە (کۆمەڵگەی رۆژئاوا کۆمەڵگەیەکی پیاو سالارانەیە، چونکە دەسەڵاتی ئیداری بەدەستـ پیاوەوەیەو پێویستە چەمکی (ئەوی تر) بسڕینەوە"، یاخود (لە سەدەی نۆزدەوە سەریهەڵداوە و لە رابردودا ژن وەک

مرۆڤێکی نەفام و رەگەزێکی سروشتی سەیر کراوە، کە بە رەگەزێکی مردوو دانراوە) هەندێکی تر پێیانوایە "سەرەتاکانی دەگەڕێنەوە بۆ کتێبی (مافەکانی ژن) ی (مێری وڵستۆن) پاشانیش کتێبی (لە کۆتدانی ژنان)ی جۆن ستیوار مێل کە لە ساڵی 1869 دا نوسیویەتی.

بەڵام بۆچونی تر هەیە لەسەر کۆنتر لەو مێژووە و (کرستینا دوپیزان) پێیوایە لەسەدەی (15)دا سەریهەڵداوە، هەروەها (سۆزان گریفین و ئاندرێ میشێل) پێیانوایە هەر لە سەرەتای مرۆڤایەتیەوە ئەم کارە هەبووە.

لەبارەی مافی دەنگدانەوە لە ساڵی (1863)داو لە نیوزلەندە ژنان مافی دەنگدانیان هەبووەو لەم ڕوانگەشەوە و لە وڵاتانی ئەوروپا لە ساڵانی 1971 بە وڵاتی سویسرا کۆتای بەو ڕێگرییە هێنراوە، لەناو هەموو ئەم مێژوانەشدا، جەخت لەسەر سەرەتاکانی سەدەی (18) وەک بزوتنەوەی فێمێنیزمی دەکرێتەوە، چونکە ژن لەو سەردەمەدا لەژێر زەبرو زەنگ و چەوسانەوەیەکی خراپدا بوون، لەگەڵ هاتنی (جۆن لۆک)یش دا بیری لیبراڵی گەشەی کردو کاری لەسەر ئەوە کرد، کە پێویستە ژن خاوەنی مافی (سیاسی و مەدەنی) خۆی بێت.

فێمێنیزم لە مێژوی کوردیشدا لە سەرەتای سەدەی بیستەم و لەکاتی شۆڕشی شێخ محەمەد و ژنانی وەک عادیلە خانم و حەپسە خانی نەقیب و پێشترش مەستورە خانم و ماە شەرەفخان...چەندین ژنی ترلە کوردستاندا توانیویانە ئەو هاوسەنگیانە بپارێزن و ئەوە بخەنە ڕوو کە ژن لە کوردستاندا لەناو کایەو هاوکێشە سیاسی و مەدەنیەکاندا ڕۆڵیان هەیە، هەرچەندە شەڕی جیهانی یەکەم و دووەم کاریگەری لەسەر چالاکی فێمێنیزمی لە هەموو جیهاندا هەبووە، ئەمە جگە لە دەسەڵاتە دکتاتۆریەکانی وەک فاشیزم و ناشیزم، بەڵام بارودۆخی کوردستان زۆر لەمە خراپتر بوو.

## بزوتنەوەو شەپۆلەکانی فێمێنیزم

**1- شەپۆلی هۆشیارکردنەوە(فێمێنیزمی لیبراڵ):** ئەو شەپۆلەیە کە هەوڵدراوە لایەنی هۆشیاری خەڵکی لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان ژن و پیاو، یان نێرو مێ و پاراستنی ئەرک و ماف و یەکسانی لە نێوان ئەم دوانەدا بخرێتە روو، بەوەی کار لەسەر ئەوە کراوە کە ژن ئاستی هۆشیاری خۆی بەرزبکاتەوە و ببێتە ڕێگر لەو نایەکسانیەو دەرچون لەو کۆت و بەندانەی کە بۆ ژن دروستبوون.

لە مێژووی جیهانیدا ئەم شەپۆلە لە سەرەتای مرۆڤایەتییەوە دەستپێدەکات تاوەکو سەدەی (18) و هاتنە ئارای چالاکەوان لەبواری فێمێنیزمی و دروسنکردنی کۆدەنگی لەسەر ئەم دۆزە.

لە مێژووی فێمێنیزمی کوردیدا ئەم شەپۆلە لە ئەدەبیاتی کلاسیکی و رۆمانتیکی سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا دەبینرێت و کار لەسەر بەهێزکردنی هۆشیاری ژنان کراوە و هەوڵدراوە لە دۆزی یەکسانی ژن و پیاو و ڕۆڵی ژن هۆشیارو بەئاگا بهێنرێتەوە.

فێمێنیزمی لیبراڵ لەم شەپۆلەوە وەک داواکاری چاکسازی و باشکردنی گوزەرانی ژنان لە ڕوانگە جیاوازەکان و بانگەشەی هۆشیاری یەکسانی لە هەموو لایەنەکاندا دەستیپێکرد.

لە ڕاستیدا ئەم شەپۆلە لە ئەوروپادا کاری بۆ باشکردنی گوزەرانی ژنان دەکرد، لە ڕوانگەی یاسایی و تەندروستی و فێرکردن و بەژداری سیاسی و بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی ژنان بە گشتی، واتە داوای مافە دروستەکانی دەکرد و داوای بزوتنەوەی جەماوەری ژنانی دەکرد، چونکە تەنها داوای ئەو شتانە دەکرا کە لەسەری ڕێکەوتبوون، یان لەگەڵ بارەکەدا دەگونجا.

**2- بزوتنەوەی فێمێنیزمی شیوعی:** ئەم بزوتنەوەیە خۆی لەچەند بیرێکدا دەبینێتەوە:

ا-ژنان مرۆڤن و لە بەرامبەر پیاودا هەوڵدەدەن و پیاو هەر مافێکی هەبێت ئەمیش هەیەتی، بۆیە پێویستە ئازاد بێت لە هەموو ئەوشتانەی کە هەڵیان دەبژێرێت و ژنیەتی ڕێگرنییە لەوکارانەی کە پیاو دەیکات، ئەمیش بیکات.

ب-ئازادی ژن: دەبێت ژن ئازاد بێت لە پەیوەندی سێکسی لەگەڵ پیاودا

و هاوسەرگیری ڕێگرنییە لەم حاڵەتە، چونکە موڵکی تاکی پیاو نییە.

ج-پێویستە هەلومەرجی گونجاو بۆ ئەوەی ژن ئابوری بێت، پێویستە کاربکات و بەرهەمهێنبێت و دوربخرێتەوە لە کاری ماڵ و مێرد.

**3- بزوتنەوەی فێمێنیزمی بوونگەرایی:** بوونگەرایی بریتییە لە فەلسەفەیەکی ئەزمونگەری کەسی و تاکی و فەلسەفەی گومان و ڕەفزکردنە پێش ڕازیبوون و دڵنیابوون، سارتەر ڕابەری ئەم بزوتنەوەیە لەگەڵ دڵخوازەکەی(سیمون دی بوفوار) ی خاوەن کتێبی( ڕەگەزی تر) و خاوەن بیروبۆچونی گوماناوی وەک هۆکاری سەرەکی بەستنەوەی ژن بەکاری ماڵەوە، هەر لە سەرەتای مێژووەوە ڕێگری کردووە کە لە ئاوەدانکردنەوەی جیهاندا بریتییە لە ( بەندایەتیەتی بۆکاری زاووزێ)، هەروەها لە باری ڕۆڵی گەشەکردنیەوە دەڵێت"هیچ کەسێک بە ژنیەتی لەدایک نابێت، بەڵکو دەبێت بەوە) یاخود(ڕەوشتی ژن نە هۆرمۆناتەکانی نەدەماغی بەسەریدا ناسەپێنن، بەڵکو ئەنجامی بارودۆخەکەیەتی)لە کۆتایشدا بانگەشەی ژن دەکات بۆ شۆڕش و یاخی بوون لە واقیع وبانگەشە دەکات، بۆئەوەی کە( پێویستە جیهان ژن و پیاوی بە یەکسانی تێدابێت و ژنان وەک پیاو کاردەکەن لەهەمان بارودۆخدا و بەهەمان کرێ و بڕیار لەسەر حاڵەتی ئازادی سێکسی دەدات، بەڵام کاری سێکسی بەکارێکی لەشفرۆشی دانانرێت، هاوسەر ئازادە لە پەیوەندیەکان وهەڵوەشاندنەوەی پرۆسەی هاوسەرگیریەکەو دایکایەتیش ئازادە.

**4- فێمێنیزمی رادیکاڵی:** ڕادیکاڵی کار لەسەر ئەوە دەکات کە ژن و پیاو بەبێ سەیرکردنی سیاقی کۆمەڵایەتی و بەرژەوەندی هەردووکیان لە ئاستێکی یەکساندان، چونکە پەیوەندیەکانیان لەسەر هێزی دەست و بیری هەردوولا بەرهەمهاتووە و کاری لەسەردەکرێت، هەروەها کاریان بۆ ئەوە دەکرد، ئەو جیاوازیە ڕەگەزی و.... لە نێوانیاندا هەیە نەمێنێت و داوای گۆڕانی بنەڕەتی پەیوەندیەکانی نێرومێییان دەکرد لەناو خێزان و کۆمەڵگەدا، بە شێوازێک کە دەسەڵاتی باوکایەتی نەمێنێت و گەیشتنە بە ئاستی پەیوەندی و یەکسانی کە پێیدەوترێت (of society genderization) فێمێنیزمی رادیکاڵی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم دەستیپێکرد، ئەم گروپە پیاوان بە بەرپرسی چەوسانەوەی ئافرەتان دەزانن و ئەو توندوتیژیانەی کە دووچاری ژنان دەبنەوە، هۆکاری پیاوە، لەم

ڕوانگەیەوە داوای نەمانی پۆلێنبەندی ڕەگەز دەکەن.

ئەم ڕادیکاڵانە هەوڵیان بۆ نەهێشتنی چەمکی خێزان دەدا و ئەم وشەو ئەوانەی کە لە دەوری ئەوەوەن، وشەیەکن بوونیان نییەو جەختیان لەسەر (مردنی میتافیزیک Death of metaphysic، مردنی پیاو Death of men، مردنی مێژوو Death of history) دەکردەوە.

لەناو ئەم بزوتنەوە ڕادیکاڵیەدا بیروبۆچونی توند خرانەڕوو، کە دواتر بە بیروبۆچونی ڕادیکاڵی لادەر ناسران و کاریان لەسەر ئەوە بوو کە:

1- پێکەوە ژیانی یەک ڕەگەزو ڕاگەیاندنی شەڕ دژی پیاو، بەهۆی ئەمەشەوە ئەو دروشمە بەرزکرایەوە کە ( پیاو چینێکی دژە) و ( شەڕ لە نێوان دوو ڕەگەزدا) بەمەش پەرەی سەندو کار گەیشتە ئەوەی داوای (شەڕ لە پێناو جیهانێکی بێ پیاودا)کە دواتر ئەم دروشمانەش لە چوارچێوەی بیردا نەمانەوە، بەڵکو ئەم سنورەیان بڕی و لە واقیعدا پراکتیزەکران لەشێوەی جیاجیادا ئەمەش وایکرد کە:

1- ئاڵۆزییەکی خراپ لەنێوان پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی ژن و پیاودا بەتایبەتی پەیوەندی سێکسی دروستبوو.

2- هێرشکردنە سەر خێزان بەو پێیەی کە دەزگای خێزان دەزگایەکی داپڵۆسێنەرە بۆ ژن ،بۆیە خێزان و هاوسەرگیری ڕەفزدەکەن.

3- پێویستە پەیوەندی ئازادو ئازادی سێکسی هەبێت، ئوگست بیبڵ بیرمەندی ئەڵمانی دەڵێت"تێرکردنی غەریزەی سێکسی مەسەلەیەکی کەسییەو پێویستە وەک غەریزەکانی تری مرۆڤ تێربکرێت و کەس بۆی نییە محاسەبەی ئەم بکات لەبەردەم خەڵکی تردا).

4- ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتی باوک لە ڕێگەی ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتی باوکایەتی.

5- هەروەها پێیانوایە ژن دوای پرۆسەی هاوسەرگیری دەبێتە موڵکی پیاو و ناوی پیاوەکەی هەڵدەگرێت و هەموو شتەکانی ڕابردووی خۆی لەدەستدەدات.

6- ژن جەستەی پاشای خۆیەتی(your body is your own)

شەپۆلی یەکەمی فێمێنیزم جموجۆڵێکی پڕ چالاک وخاوەن ئامانج لەنێوان

سالانی (1860–1920)دەستیپێکردوەو ئەم جموجوڵەش لەپێناوی بەدەستهێنانی مافی سیاسی و یاسایی بووە، بەوەی لە ڕێگەی یاساوە مافەکانی دەستەبەر بکەن، Betty friedam دەڵێت ( شەپۆلی یەکەمی فێمێنیزم بۆ ئەوانەی کە لە ساڵی 1960لەدایکبوون، مێژوویەکی مردووە، چونکە بەهۆی بەدەستهێنانی تەواوی مافەکانیان لە ئەمریکا بووەتە مێژوویەکی مردوو).

کەوایە فێمێنیزم لە ئەوروپادا لە شەپۆلی یەکەمدا کە شەپۆلی ئاکی و چاکسازی بوو، دوای ئەم هەنگاوە گەڕان بوو بەدوای بەدەستهێنانی مافی بەرامبەریدا و لە شەپۆلی دووەمدا داواکاری ئازادی ژنان و ڕۆڵگێڕانە.

لەڕاستیدا بزوتنەوەی فێمێنیزم لە هەر وڵاتـەو مێژوو و قۆناغ و ڕەنگدانەوەی خۆی هەیە، بۆ نمونە شەپۆلی دووەمی فێمێنیزم لە بەریتانیا لە ساڵی 1960دەستپێدەکات و لە فەرەنساش لەدوای شۆڕشی خوێندکاریەوە سەریهەڵدا، کە لە پاریس و لە ساڵی 1968 دا ڕویداوەو لەهەمان ساڵیشدا یەکەمین گروپی ژنان دروستبوو.

**ئەنجام:**

لەئەنجامی لێکۆڵینەوە دەگەینە ئەوەی کە:

1– فێمێنیزم بزوتنەوەیەکە کار بۆ یەکسانی ڕەگەزی نێوان ژن و پیاو دەکات، لەئەنجامی ئەو ململانێ و مافخواردنانەی کە پێشتر هەبوون و ژن پیاو بە بەرپرسی یەکەم دەزانێت.

2– هێزی جەستەی پیاو بوارە کۆمەڵایەتییەکە دروستیکردووە و پێویستە ڕۆڵەکان سەرلەنوێ دابەشبکرێنەوە.

3– لەناو ئەم بزوتنەوەیەشدا کە خـاوەن مێژوویەکی دورودرێــژە، هەندێکیان بانگەشەی جیاوازبوون و دابڕان و....تاد دەکەن لەگەڵ پیاودا.

4– بەگشتی فێمێنیزم هەوڵدەدات بۆ گۆڕینی لایەنی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و پەیوەندی لە نێوان دوو ڕەگەزەکەدا، لەپێناو گەیشتن بە یەکسانی تەواو کە ئامانجی ستراتیژی بزوتنەوەکەیە.

**سەرچاوەکان:**

1- المراة فی التراث الاشتراکی، ترجمة: جورج طربیشی، 2003
2- فی سبیل الارتقاء المراة، روجیه غارودی، ترجمة: جلال مطرجی، بیروت، 2004
3- تیارات الحرکه النسویة ومذاهبة، نادیة لیلی عیساوی، جزائر، 2006
4- گۆڤاری (زریبار)، ژمارە(60) بەهاری 1885، هەتاوی

# کۆنگرەکانی ژنان وکاریگەریان لەسەر ئایدۆلۆژیاو مێژووی بزوتنەوەی فێمێنیزم

لوقمان رەئوف

**پێشەکی:**

بێگومان کارلێکی شارستانیەتیەکان، بە تایبەتمەندیەکی بنچینەیی شارستانیەتی مرۆڤایەتی دادەنرێت و ئەم کارلێککردنەش لە ڕوانگەی پەیوەندی و کۆمەڵایەتی لە نێوان گۆمەڵگە جیاوازەکاندا کاریگەری خۆی هەیە و ڕەنگدانەوەی لەسەر یەکتری هەیە، بە گشتیش ئەم کارلێکردنە بەهۆی شەڕو پەیوەندی ئابوری و بازرگانی و ئاڵوێری خبرەی مادی و مەعنەوی و زۆربەی جاریش شتە مادییەکان و هۆکارە تەکنۆلۆژیەکان، بەخێرای شتەکان دەگوێزنەوەو لەگەڵ خۆشیاندا دەبنە گرفتی سەرەکی لەبەردەم مافخواردندا، هەموو ئەمانەش لەئەنجامی لاوازی ڕۆشنبیری و شارستانی و تەکنۆلۆژی کەسەکانەوە سەرچاوە دەگرێت.

بە درێژای مێژوو بزوتنەوەی فێمێنیزم هەوڵی جیاوازو ڕێگای جیاوازی بۆ گیراوەتەبەر و لەناو ئەم ڕێگایانەشدا کۆنگرە جیهانییەکان ڕۆڵێکی دیارو سەرەکیان هەبووە بە بردنە پێشەوەی بزوتنەوەی فێمێنیزم و چالاکردنی بزوتنەوەکە لە سەرتاسەری جیهاندا، لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵدراوە ڕۆڵی هەریەکە لەم کۆنگرانەی کە لەسەر ژن کراون بخرێتە ڕوو، لەگەڵ دەرئەنجامی ئەم کۆنگرانە لەسەر بزوتنەوەی فێمێنیزمی.

**مێژوو:**

ئـەو گۆڕانکاریانەی کە بەسەر کۆمەڵگەی ئـەوروپـیـدا هاتن، کە لەسەدەکانی(19-20) دا لە بوارە جیاجیاکانی وەک سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری، بێگومان کاریگەریەکی گەورەی کردەسەر پێکهاتەی خێزانەکان و ژیانی پیشەسازی نوێش لە چوارچێوەی ژیانی خێزانیدا، ڕوانینێکی تری هێنایە ئاراوە، بەمەش حکومەت زۆر لە کارەکانی ناوماڵی لە ژن وەرگرتەوە و خۆی ئەو ڕۆڵەی

گێرا، بەمەش بارودۆخی کۆمەڵایەتی ژنی گۆڕی و لایەنی بەخێوکرن و پەروەردەی لە ژن وەرگرتەوە، لە بەرامبەردا کارکردنی لە کارگەو کۆمپانیاو دەزگا گشتیەکاندا پێبەخشی. لە ڕاستیشدا بێبەشبوونی ژنان لە مافەکانیان تاوەکو سەدەی نۆزدە، هۆکارێکی سەرەکی هاتنە ئاراو گۆڕانە بەسەر قۆناغەکانی بزوتنەوەی فێمێنیزمیدا، چونکە لەو سەردەمەدا بەدەر لە نەبوونی مافە گشتییەکان، ژنانی شوکراو لە سنوری یاسای عورفی ئەنگلو ساکسۆنی دا، هیچ مافێکی یاسایی و خاوەندارێتی و میراتی نیشتەجێی نەبوو، ئەوانی تریش بۆیان نەبوو لەبەردەم دادگادا بەرەنگاری لەخۆیان بکەن، بەبێ ڕەزامەندی مێردەکەشی بۆی نەبوو پەیمانەکە واژوو بکات، بۆیە ئەم ڕێگریانە لەمافی ژنان وایکرد لەسەدەی نۆزدەوە ڕێکخراوی ژنان بۆ پارێزگاریکردن لەژنان ومافەکانیان بهێنێتە گۆڕەپانەکانەوە، چونکە ژنان بۆیان نەبوو بچنە زانکۆکانەوە، تاوەکو ژنێکی هۆڵەندی توانی ئەم ڕێگرییە بشکێنێ و لەساڵی (1870) بە مۆڵەت وەرگرتن لە وەزیر چووە زانکۆ، دواتر لە ساڵی (1925) زانکۆکانی ئەوروپاو ئەمریکا ژنانیان لە زانکۆدا قبوڵکرد، هەندێکی تریش لەو قۆناغانە لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە لە هەندێ وڵاتی ئەوروپی دا، سەریانهەڵداوە لەم کاتەوە خوێندنی ژنان لە زانکۆدا بوو بەشتێکی سروشتی.

بەپێی مێژوونوسە ئەوروپیەکان ژنان لە ئەوروپا بە درێژایی مێژووی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی ژنان بوونەتە کۆیلەو ژیانێکی زۆر خراپیان هەبووە، بەڵام لە ئەنجامی ئەو ڕاپەڕینە فەلسەفی و ئەدەبی و بزاوتانەی کە لە ئیتاڵیاو فەرەنسا و ئەڵمانیا شۆڕشی زانستی لە ئینگلتەرا، گوزەرانی ژنان ڕووی لەباشی کردووە.

هەندێکی تر پێیانوایە دوابەدوای گەشەکردنی پرۆتستانتەکان و هاتنی شۆڕشی فەرەنسی بە دروشمی(برایەتی، ئازادی، یەکسانی)، ئیدی بارودۆخی ژنان بەرەو باشبوون ڕۆشتووە.

کۆلان سمث لەو کتێبەی کە لەم دواییانەدا لەسەر (ستیوارت میل) ی فەیلەسوفی ئینگلیزی و پیاوی سیاسی و یاسایی نوسیویەتی ، پێیوایە (یەکەم ئەوروپیە کە توانیویەتی بێدەنگی چوارچێوەی ژنان بشکێنێت و لە پەرلەمانی ئینگلیزیدا پارێزگاری لێبکات) و لەساڵی (1867) دوای ئەوەی کتێبی (بەبەندکرنی ژنان) داوا لە ئەندامانی پەرلەمان دەکات وشەی مرۆڤ(homme) بگۆردرێت

بۆ وشـەی(personne)، چونکە وشەی مرۆڤ ئاشکرایە ئەوروپیەکان بۆ مرۆڤی بەکاردەهێنن و بە شێوەیەکی وردتر بۆ پیاوی بەکاردەهێنن، کەوایە بزوتنەوەی ئازادکردنی ژنان لە ئەوروپادا، دەرەنجامی بارودۆخە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاینی و....تـاد بوو، بۆیە ئەم بزوتنەوە فێمێنیزمییە بەهۆی ئەو بارودۆخ و فشارانەوە دروستبوو.

**مێژووی بزوتنەوەی دیاریکردنی وەچە**

بزوتنەوەی دیاریکردن، یان سنوردارکردنی وەچەکان هەر لە سەرەتاکانی سەدەی حەڤدەوە و بە دیاریکراوی لە زانای ئینگلیزی ( ماڵتوس، 1766–1834)ەوە دەستپێدەکاتْ و ئەم تیۆرە بەوە ناسراوە، کە دانیشتوان زیاد دەکەن بە ڕێگەی ئەندازەیی(1، 2، 4، 6، 8) و خۆراکیش بە پلەی ژمارەیی(1، 2، 3، 4، 5) ماڵتوس لە تیۆرەکەیدا ئەوەی ڕوونکردوەتەوە سەرکەوتنی گەشەو هێنانەدی هاوسەنگیەتی لە ڕێگەی وەستانی گەشەی دانیشتوانەوە دەبێتْ و پێیوایە ئەم کێشەیە ڕووبەڕووی مرۆڤایەتی دەبێتەوە و پێویستە لە ڕێگەی یەکێک لەم خاڵانەوە چارەسەر بکرێتْ:

1- ژن نەهێنان، چونکە ڕێگەیەکە بۆ گەشەی دانیشتوان، یان ئەگەر ژنیش بهێنیتْ، پێویستە یەک منداڵتْ هەبێتْ.

2- هاوکارینەکردنی هـەژاران و دامـاوان، بۆئەوەی لە برسا بمرن ، بەمەش ژمارەی دانیشتوان کەمدەکاتْ، بەڵام لە ئەنجامی ڕەخنەیەکی زۆر لەم بۆچونە و ڕوانینی (یوجینیا)ە (Eugenics) هاتە ئاراوە کە زاراوەیەکی یۆنانییەو واتا تاکێکی باش دەگەیەنێتْ و کاری لەسەر هاندانی پرۆسەی هاوسەرگیری و لایەنی پەروەردە دەکاتْ، لەگەڵ تاقیکردنەوەی(فحص) خوێن پێش ژنهێنان بۆ دڵنیا بوون لە سەلامەتی منداڵەکان لە نەخۆشییە خراپەکان و بۆماوەییەکان. هەندێک لە ڕێکخراوەکان مەسەلەی دیاریکردنی وەچە بە هۆکارێکی خواردنی مافی ژنان دەزانن و لەم ڕێگەیەشەوە ژنان دووچاری کێشەی جیاواز بوونەتەوە.

## کۆنگرەکانی ژنان و کاریگەرییان لەسەر فێمێنیزم

یەکەم: کۆنگرەی جیهانی چوارەمی ژنان

لەساڵی 1995 دا نەتەوە یەکگرتووەکان کۆنگرەی چوارەمی تایبەت بە ژنانی لە پەکین سازکرد و تیایدا جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە، هەنگاوی پێویست بنرێت بۆ هێنانەدی ئامانجە ستراتیژیەکانی ژنان لەچاو ساڵانی ڕابردوو، تاوەکو کۆتای ساڵی ،1999 لە داواکارییەکانی ئەم کۆنگرەیە:

1-داواکردنی ئازادی و یەکسانی.

2-ڕێگەدان بە ئازادی سێکسی و ڕێگەدان بە هاوسەرگیری پێشوەخت و سنوردانان بۆ پیاو و سنوردارکردنی وەچە لە ڕێگەی لەباربردنی منداڵ و ڕێگەدان بە تێکەڵکردنی کچ و کوڕ و گەشەپێدانیان و پێشکەشکردنی ڕۆشنبیری سێکسی بەر لە تەمەنی باڵغبوون.

جگە لەم کۆنگرانە کۆنگرەی تر کران لەوانە:

1- کۆنگرەی جیهانی بۆ دانیشتوان لە ساڵی 1974 لە ڕۆمانیا بەستراو تێیدا داواکرا ڕۆڵی ژن چالاک بکرێت و لە کۆمەڵگەدا ڕۆڵی هەبێت، هەروەها یەکسانی لەنێوان ژن و پیاودا جێبەجێبکرێت.

2- کۆنگرەی نێودەوڵەتی مەکسیک 1984 تێیدا داواکرا:

ا-مافی یەکسانی ژن لەبەرامبەر پیاودا بدرێت لە تەواوی بوارەکاندا.

ب-بەشداریکردنی پیاو و ژن لە بەڕێوەبردنی خێزاندا.

ە-ڕێگەدان بەکاری سێکسی.

دووەم: کۆنگرەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ ژن لەساڵی 2000 لەپێناو یەکسانی و گەشەپێدانی ئاشتی لەسەدەی(21)دا کە لە نیبۆرک بەستراو تێیدا جەخت لەوە کراوە:

1-ئازادی سێکسی.

2-ڕێگەدان بە لەباربردن.

3- ڕێگەدان بە دووڕەگەزی وەک یەک.

4-دانانی دادگای خێزانی لەپێناو ئاوانی دەستدرێژی سێکسی.
5-یەکسانی ڕەهایی لەنێوان ژن و پیاودا.
6-ڕێگەدان بە ژنان لە ناو حکومەت و ڕێکخراوەکاندا بەشداری کارای هەبێت.
7- هەڵبژاردنی ژنان بۆ پۆستەکان.
8-نەهێشتنی نەخوێندەواری لەناو ژناندا.
9-ڕێگەدان بە مۆڵەتی دایکایەتی بەژنی کرێکار.

بەدەر لەم کۆنگرانەش دوو هەنگاوی تر لەبارەی چەسپاندنی یەکسانی لەنێوان ژن و پیاودا نراوە ئەوانەش:

1-ڕاگەیاندنی جاڕنامەی مافی مرۆڤ لە ساڵی 1948 داو تێیدا جەخت لەسەر نەمانی جیاوازی لەسەر بنەمای ڕەگەزی و هێنانەدی یەکسانی لەنێوان ژن و پیاودا و ئازادی پرۆسەی هاوسەرگیری بەتایبەتی لە مادەکانی (16، 17) دا.

2-ڕێکەوتنامەی (سیداو -cedaw)یان ڕێکەوتنامەی نەهێشتنی هیچ جۆرە جیاوازییەک لە نێوان ژن و پیاودا، لە ساڵی 1979 ئەم ڕێکەوتنامەیە پێکهاتووە لە (30) مادە و (دە) مادەی یەکەمی جەخت لەسەر نەهێشتنی جیاوازی و چەسپاندنی یەکسانی لە نێوان ژن و پیاودا دەکات.

## بزوتنەوەی فێمێنیزمی لە کوردستاندا

لەگەڵ ئەوەی لە کوردستان بە درێژایی مێژوو لەژێر چنگی داگیرکەراندا بووە و لەگەڵ ئەوەشدا زوڵم و زۆرییەکی زۆر بەرامبەر هەم ژن و هەم پیاو کراوە و بەردەوام ئەم زوڵملێکردنەی داگیرکەران وایکردووە، هەست بەم حاڵەتە نەکرێت، لەگەڵ ئەم ژێردەستییەشدا و لەهەر کات و ساتێکدا، ئەگەر دەرفەتێک بۆ ئازادبوون بۆ کورد ڕەخسابێت ،کورد هەوڵی چەسپاندنی فێمێنیزمی داوە، لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین قۆناغەکانی فێمێنیزمی کوردی بکەین بە دوو قۆناغەوە:

**قۆناغی یەکەم:**

1-ئەو هەوڵەی کە شاعیران داویانە بۆ هۆشیارکردنەوەی ژنان و ئەم قۆناغەش تاوەکو دوای جەنگی جیهانی دووەم درێژەی کێشاوە.

2-ئەو دەرفەتانەی کە بۆ کورد ڕەخساوە لە ڕوانگەی سیاسی و کارگێڕی

و ...تاد سەربەخۆ بوون، لەم قۆناغەدا ڕۆڵی جیاوازیان بە ژنان بەخشیوە و ژنان بەشێک بوون لە کارەکە، بۆ نمونە لەسەردەمی (شێخ مەحمود) دا ژنی وەک حەپسەخانی نەقیب و عادیلەخانی دایکی ئەحمەد موختار، کە ئیدارەی شارێکی بەڕێوە بردووە. هەبوون، زۆر دلێرو چالاکانە کارەکانیان کردووە و ئەم ڕۆڵبەخشینەی کورد بە ژن بە ویست و ئیرادە بووە. نەک بە زۆر و فشار، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لە ژیانی گشتی کوردیدا ژن بەشێک بووە لە ژیان، بەڵام ئەوەی کە لەژێر کاریگەری کلتورو داب و نەریت ولێکدانەوەو شرۆڤەی وتە ئایەتە ئاینیەکاندا بووە، ژن بووەتە پاشکۆو زوڵمی لێکراوە.

**قۆناغی دووەم:**

سەردەمی شۆڕش و ڕاپەڕین، ئەمیش دابەش دەبێت بەسەر دوو قۆناغدا:

1-قۆناغی شاخ تاوەکو ڕاپەڕین و ناوەڕاستی نەوەدەکان، لەم قۆناغەدا ژن هەمان پێگەو ڕۆڵی پیاوی هەبووەو بە کرداری توانیویەتی کارو ڕۆڵی خۆی پیشانبدات، هەرچەندە بارودۆخەکە لەبار نەبووە بۆ زەمینەسازی تەواوەتی فێمێنیزم.

2-لە کۆتایی ساڵانی نەوەدەکان و بە دەستپێکردن و دروستبوونی ڕێکخراوە ژنانی و مەدەنیەکان. ئەم قۆناغە دابەشدەبێت بەسەر دوو لایەندا:

ا-ئەو ڕێکخراوانەی کە پاشکۆی حیزبن و دەیانەوێت لە ڕێگەی حیزبەوە مافەکانی ژنان دەستەبەر بکەن، بەوپێیەی هەندێکیان لە ڕێگەی حیزبەوە پۆستی باڵایان وەرگرتووە و بوونەتە ئەندام پەرلەمان، کەچی نەیانتوانیوە پرۆسەی فێمێنیزم جێگیر بکەن، بەڵام وەک ئەوەی کە بارەکە لەبار بوو، نەیانتوانیوە ئەم کارە بکەن، بەهۆی پاشکۆیەتی خۆیانەوە.

2-دروستبوونی هەندێ لە ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی و کارکردن بۆ چەسپاندنی فێمێنیزم و هەوڵدان بۆ نەهێشتنی جیاوازی ڕەگەزی لە نێوان ژن و پیاودا، بەڵام ئەم هەوڵدانەو ئەم ڕێکخراو و گروپە جیاوازانە، نەیانتوانیوە ئەم قۆناغە(قۆناغی دووەم) تێپەڕێنن، تاوەکو وەک ئەوروپا لە قۆناغی سێیەم دا، فێمێنیزم ڕێڕەوی خۆی وەربگرێت و بۆ گەیشتن بەم قۆناغەش هەوڵ و ماندووبوونی ژنانی سەربەخۆ و دورکەوتنەوە لە کاریگەرییەکانی دەوێت.

**ئەنجام:**

لە ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەگەینە ئەوەی کە:

1-هەوڵدان بۆ چەسپاندنی فێمێنیزم مێژوویەکی دووروودرێژی هەیە.

2-لە هەموو کۆنگرەو کۆبوونەوەکاندا، جەخت لەسەر جێبەجێکردنی فێمێنیزم کراوە.

3-لە کوردستاندا بە درێژایی مێژوو ئەوەندەی دەرفەت هەبووە، هەوڵ هەبوون و ئەم هەوڵانەش لەلایەن کەسایەتی و چینی جیاوازەوە بووە.

4-لەدوای ساڵی 2005 پرۆسەی فێمێنیزم ئەو ئاراستەیەی وەرگرتووە کە قۆناغی نوێ بۆخۆی بدۆزێتەوە، تاوەکو لە ڕێگەیەوە خواستەکانیان بهێنێتەدی.

5-ئەو هۆکارانەی کە بوونەتە ڕێگر لەبەردەم جێبەجێکردنی فێمێنیزم لە کوردستاندا، بریتین لە لایەنە کلتوری و داب و نەریت و لێکدانەوە هەڵەکان.

**سەرچاوەکان:**

1-عبدللە الشارق، قراوە فی الاطار التاریخی و الایدیولوجی للحرکە النسائیە، مغرب، 2007.

2-مجلە بیان، عدد(93) اکتوبر 1995.

3-نادیە لیلی عیساوی، تیارث الحرکە نسویە و مذاهبە، 2004.

4-د. ابراهیم الناصر، الحرکە النسویە المغربیە، 2006.

## فێمێنیزم ... دەروازەی چارەسەرکردنی کێشەکانی ژنان

لە عەرەبییەوە: هاشم ئەمین

هـەردوو زارەوەی فێمینیست و فێمێنیزم لە قۆناغە سەرەتاییەکانی بزوتنەوەی ژناندا وەکو بیرۆکەیەکی سیاسی سەری هەڵداوە، لە بارەی مێژووی سەرهەڵدانەکەشیەوە چەند بیروڕایەکی جیاواز لەو کتێبانەی کە باسی فێمێنیزمیان کردووە هەیە، بۆ نمونە لە یەکێک لە سەرچاوەکاندا سەرەتای فێمێنیزم دەگێڕنەوە بۆ سەدەی پانزەهەم لەسەر دەستی کریستن دی، یان هەندێ سەرچاوە ئاماژە بە ماری ولستۆن کرافت لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەم دەکەن، هەندێکی تریش سەرەتاکانی دەرکەوتنی فێمێنیزم دەیگەڕێننەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەم، لەگەڵا هەموو ئەو بیروڕا جیاوازانەدا چەند شەپۆلێک لە ڕووی کاتەوە بۆ دەرکەوتنی بزوتنەوەی فێمێنیزم وەکو داکۆکیکارێکی سەرسەختی مافەکانی ژنان دیاری کراوە.

فێمێنیزم وەکو زاراوە لە بنەڕەتدا بریتی بوو لە دانانی ستراتیژ و تاکتیکێک بۆ دابینکردنی یەکسانی جێندەری لە هەموو بار و بوارەکانی کۆمەڵگادا، فێمێنیزم هەموو ئەو نەریت و نۆرمە باو و سەپاوانە ڕەتدەکاتەوە، کە لە کۆمەڵدا هەیە لەجێی ئەوانە یاسا و رێساکانی ئینسانی و مەدەنی پێشنیار دەکات.

سەرەتای بڵاوبونەوەو تەشەنەکردنی فێمێنیزم وەکو بزوتنەوەیەکی ژنان، تەنها داکۆکیکردن بوو لە مافە سەرەتاییەکانی ژنان و ڕەخساندنی هەلی کاری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەستەبەرکردنی ئەو مافانەی کە لە دواجاردا دەبێتە هۆی چەسپاندنی یەکسانی لە نێوان هەردوو ڕەگـەزداو، هەوڵدان بۆ کارکردن بۆ ئەوەی ئەو چەمکانەی کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیدارە بە مافەکانی ژنانەوە، جگە لەمانەش بزووتنەوەی فێمێنیزم بەرلەوەی کار لەسەر ئەوە بکات کە جیاوازی ڕەگەزی نەهێڵێ، پێیانوابوو کە دەبێت بەر لە هەر شتێ پیاوان ئازادبن، چونکە ئەمە بەشێکی گرنگە لە بواری کارکردنی بزووتنەوەی فێمێنیزمدا، لەبەرئەوەی پێچەوانەی ئەم چەمک و تێگەیشتنە پیاوانیش بەهەمان شێوە وەک ژنان زەرەرمەند دەبن لەسەر بنەمای ڕەگەزی و جۆری ڕەگەزی، ئەو کەسانەش

کە هەوڵی ئەوە دەدەن کە فێمێنیزم وەکو بزوتنەوەیەکی ژنان پەرەپێبدەن و بنەماکانی بچەسپێنن، دەبێت هەوڵی ڕەگەزی بەرامبەر فەرامۆش نەکەن و دەمارگیریانە و یەکلایەنانە کار نەکەن.

دەرکەوتنی تیۆری فێمێنیزم لەنێو بزوتنەوەکانی ژناندا، بووە تەواوکەری تیۆرە گشتیەکان و تیۆرە جیاوەزەکان دەربارەی مەسەلەکانی ژنان و ئەو تێڕوانینانەی کە لەمەڕ چارەسەرکردنی کێشەکانی ژنان هەیە، بەڵام لە هەندێ حاڵەتدا بونیانی کۆمەڵایەتی ڕەگەزی کەوتوەتە سەر ڕەگەزەکە خۆی لە چارەسەرکردن و بەدواداچونی کێشەکاندا، یان بە پێچەوانەوە لە بەدەستهێنانی مافەکاندا لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت، چونکە کەسێک کە پسپۆری هەبێت جیاوازە لەوەی کە کەسێک ناچار دەکرێ بەکاری سێکسی یان تەحەڕوشی جنسی، یان لە ماڵدا توندوتیژی بەرامبەر دەکرێ، یان کەسێک کە بە زۆر لاقە دەکرێت، لەبەرئەوە فێمێنیزم وەکو تیۆر کە دەرکەوت توانی ڕیزبەندی و ڕێکخستن و پۆل بەندی بەو دیاردە و حاڵەتە جۆراوجۆرانە بکات و، ببێتە ڕێنوێنیکەری ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان بۆ چارەسەرکردنی سەرجەم کێشەکان کە لە نێوانیاندا پشکی شێر بەر کێشە کۆمەڵایەتیەکان دەکەوێت.

هەروەها بۆ چەسپاندنی پرنسیپەکانی بزوتنەوەی فێمێنیزم، ژنان دەگەڕانەوە بۆ نووسینەکانی کریستن دی و ماری و لستۆن کرافت، کە ئەمانە بە شەپۆلی یەکەمی دەرکەوتنی فێمێنیزم هەژمار دەکرێن و دەرکەوتنیشیان سەرەتا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەریتانیا بوو، کە باسیان لە هەندێ مافی سەرەتایی بۆ ئافرەتان دەکرد، وەک یەکسانی لە ماڵ و دارایی و گۆڕانکاری لە پەیوەندی خێزانی و دواجاریش ژنان مافی دەنگدانیان هەبێت و بەشداری لە پرۆسەی هەڵبژاردن دا بکەن.

بەڵام شەپۆلی دووەمی فێمێنیزم کە دەرکەوتن، بەوە ناسرا بوون کە کار بۆ ئازادی ئافرەتان دەکەن بە تایبەتی لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو بەدواوە، کۆڵەکەی ئەساسیش کە کاریان لەسەر دەکرد، مەسەلەی ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی و سیاسی بوو، شەپۆلی سێیەمیش لە نێوان ساڵانی1980 بۆ 1990 دەرکەوتن، کەڕۆڵی ژنان بە گشتی دیار و بەرچاو بوو، بەڵام لە هەمانکاتیشدا لە

زۆربەی بوارەکاندا پەراوێز خرابوون، لە ژێر ناوی ڕزگاربوون لە مەسەلەی چینایەتی و ڕەگەز پەرستی، بەڵام دوای ئەمەش قۆناغی دوای فێمێنیزم سەرهەڵئەدا، کە بە بەشداری ژنان ناوزەند دەکرا، کە گەشەسەندنێکی باشی بەخۆوە بینی.

فێمێنیزمەکان بڕوایان بە ململانێی چینایەتی و فـەوزەوی لە دژی دەوڵەت نییە، بە پێچەوانەوە لەگەڵا بەرەوپێشچوونی دەوڵەت و کۆمەڵگەدان، فێمێنیزمیەکان هەمیشە ویستویانە دژی پیاو سالاری بوەستنەوە و لە ئەولەویاتی کاریاندا بووە و، پێیانوابووە هەرچەندە پیاوان دەیانەوێ دایمە لە هەرەمدا بن، بەڵام ناشتوانن خۆبەخشانە کار بکەن، ئەگەر پێمان وابێت کە بەتەنها دەبێت پیاوان لە هەرەمەکەدا بن ئەوا مانای وایە فێمێنیستەکان لە سیاسەتدا پاشەکشەیان پێدەکرێت و بە تەواوی پەراوێز خراون و دەیانگەڕێنێتەوە بۆ نێو ژیانێکی ئاسایی، لە بەرئەوە فێمێنیستەکان لە سەرەتاوە جەختیان لەسەر ئەوە دەکـردەوە کە دەبێت کار لەسەر چۆنیەتی ئەزموونی ژنان بکرێت و، نابێ بە تەنها دروشمی یەکسانی بەرز بکەینەوە، بەڵکو دەبێت لەسەرەتاوە کار لەسەر نەهێشتنی جیاوازی ڕەگەزی و چینایەتی و سزادان بە هەر ناوێکەوەبێت بکەینەوە، چونکە داگیرکەران و ڕژێمە سەرکوتکەرەکان لە هەموو سەردەمەکاندا بە تەواوی ژنانیان پەراوێز خستووە ، تەنانەت سزاش دراون و دژی هەموو بزوتنەوەیەک بوون کە داکۆکی لە مافەکانی ژنان کردووە، بۆیە فێمێنیزم دوای سەردەمی ئیستیعمار ئاراستەی کارکردنیان گۆڕاو پابەند بوون بە هەندێ لەو بنەمایانەی فێمێنیزم لە پێش ئیستعماردا، بەڵکو پابەندبونی خۆیان بە بەڵێننامە جیهانیەکانی دەربارەی ژنانەوە پەیوەست کرد.

فێمێنیزم دوای سـەردەمـی مۆدێرنە دەکـەوێـت گفتوگۆ بەدیوە کۆمەڵایەتیەکاندا، کە پێیانوابوو نابێت ئەزموون لەڕووە ڕۆشنبیری و مێژووییەکەوە بۆ هەموو کاتەکان لەبەرچاو بگیرێ و جۆرێک لە دەمارگیری ڕەگەزی دروست بێ ، بەڵکو دەبێت تیۆرەکانی فێمێنیزم لەگەڵ ژینگە و ئەو شوێنەی کە دەتەوێت چاکسازی کۆمەڵایەتی تێدا بکەیت جارێکی تر تیۆرەکان دابرێژرێنەوە و بنەما و ڕەئیەکانیش فەرامۆش نەکرێت.

یەکێک لە شوێنەوارەکانی فێمێنیزم لە نێو کۆمەڵگەدا ئەوەیە ،کە

بزووتنەوەی فێمێنیزم توانی گۆڕانکاری ڕیشەیی لە نیۆ کۆمەڵی ڕۆژئاوادا بکاٹ، کە ئەو کاٹ خۆی لە پێدانی ماف بە ژنان و مافی دەنگدان و بەشداری هەڵبژاردنی هەبێٹ دەبینیەوە، لە هەمانکاتدا هەلی ئەوەی ڕەخساند کە ژنان لە بواری فێرکردن و پەروەردەدا کاربکەن ، هەلومەرجێکیان ڕەخساند کە ئەو کەنارکردنەی ژنان لەگەڵ پیاواندا بەرەو نەمان بچێٹ، تا گەیشتە ئەوەی کە باس لەوە دەکرا کە ژنان لەگەڵ پیاواندا یەکسانن، لە ماف و یاسادا وەک یەک بەرپرسیارێتیان بەردەکەوێ، لە کاتی جیابوونەش لەگەڵ پیاواندا مافی خۆیان وەربگرن، جگە لەمانەش ئەو مافەدرا بە ژنان کە بەشداری بکەن لە بڕیاردا وەک تاکێک خاوەنی بیرو بۆچوونی خۆیان بن، بە تایبەتی لە بواری کارکردندا ببنە خاوەنی بیر و بۆچوونی خۆیان ، جگەلەمانەش  لە بواری کارکردندا ژنان ببنە خاوەن کار و بەشداربن لەو گرێبەستانەی کە ماف دەداٹ بە خاوەن کار و ماف دەبەخشێنە کەسی کارکەر، جا چ لە پرۆژەیەکدابێٹ یان لە ماڵ و موڵکدا بێٹ.

**فێمێنیزم وەک تیۆر..**

تیۆری فێمێنیزم ئامانجی تێگەیشتنە لە جیاوازی ڕەگەزی و ئەو نایەکسانییەی لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا هەیە، چونکە هەر کاتێک تاک لەوە گەیشتبێٹ کە جیاوازی ڕەگەزی لە ڕووە بایەلۆژەکەدایە، ئەوا پێویسٹ ناکاٹ بیر لە یەکسانی نێوان هەردوو ڕەگەز بکاتەوە، یان هەندێک لە فێمێنیستەکان پێیانوایە کە تیۆرەکانی فێمێنیزم جەخٹ لەسەر باشترکردن و دەستەبەر کردنی مافەکانی ژنان دەکەنەوە، بەتایبەتی ئەو بابەتانەی کە جیاکاری ڕەگەزی دروستدەکاٹ و پیاو سالاری لە کۆمەڵگەدا دەهێنێنە ئاراوە، جگە لەمانەش فێمێنیسنەکان دەیانەوێ لەڕێی تیۆرەکانەوە ڕەخنە ئاراستەی دەسەڵاٹ بکەن کە کاریگەری لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان هەیە، کە کەسانێک بە خراپ کەڵک لە حاڵەتەکان وەردەگرن.

لەبەرئەوەی فێمێنیزم بەچەند شەپۆل و سەردەمێکی مێژوویدا دابەشکراوە، چەندین جۆر و شێوەی نوێی فێمێنیزم بۆ داکۆکی کردن لە مافەکانی ژنان لە قۆناغە جیاجیاکاندا دەرکەوتوون، یان دەتوانێٹ بڵێین فێمێنیزم دابەشدەبێٹ بەسەر چەند شەپۆلێکدا..–

**فێمێنیزمی بوونگەرایی..**

ئەمانە سەر بە قوتابخانە بوونگەراییەکەی سیمۆن دیبۆڤوار بوون، بۆڤوار لەنێو ژنە ڕۆشنبیرەکانی ئەو کاتەدا یەکەم کەسیان بوو کە فیکری فێمێنیزمی لە هەموویان زیاتر پەرەپێدا، بەڵام لەهەمووشیان زیاتر بەکاریهێنا بۆ باوەڕەکانی خۆی کە بیرێکی زیاتر گروپگەری بوو نەک گشتگیر.

**فێمێنیزمی مارکسی..**

ئەمانە بزوتنەوەی ژنانەی چەپ بوون و، بەرگری لە بیری مارکسی دەکرد و دەیانویست هەوڵەکانیان لەپێناو بەرەوپێشبردنی ئایدۆلۆژیای مارکسیدا بێت.

**فێمێنیزمی لیبڕاڵی..**

ئەمانەش بزوتنەوەی سیاسی حیزبی لیبراڵ بوون، هەر ئاڕاستەیەکیان گرنبێت بەو ئامانجە بووە کە خزمەت بە ئامانجەکانی ژنان بکات، لەهەمانکاتیشدا زۆر جەختیان لەسەر کارکردنی ژنان کردوەتەوەو کاریگەریشیان هەبووە.

**فێمێنیزمی رادیکاڵ..**

ئەمانە بەو شێوەیە گوزارشتیان لە ڕەگەزی نێر دەکرد کە سەری هەرەمەکەیەو دەتوانێت زاڵبێت بەسەر سەرمایەداریدا، بەو پێیەی کە ئەمانە جیاوازی دەکەن لەو سزایانەی کە بەسەر ئافرەتاندا دەچەسپێنراو هەوڵی ئەوەیان دەدا کە بەتەواوی بنبڕی بکەن و سەرلەنوێ کۆمەڵگە دابڕێژنەوە و چارەسەری کێشەکانی بکەن، چونکە پێیان وابوو چەوسانەوەی ژن جەوهەری چەوسانەوەکانی دیکەیەو نمونەی هەموو چەوسانەوەکانە، تەنانەت پێیانوایە سێکسفرۆش ئەوکارە بە ئیرادەی خۆی ناکات، بەڵکو قوربانییەکی کۆمەڵگەیەو بە ڕێگەی ناڕاستەوخۆو بەزۆر ئەو کارەی پێدەکرێت.

**فێمێنیزمی تاکڕەو..**

ئەم جۆرە لە فێمێنیزم داکۆکی لەسەربەخۆیی ژنان دەکات وەکو تاکێک کەخۆی خاوەنی جەستەی خۆی و بڕیارە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان و خاوەنی موڵک وماڵی خۆیەتی.

هەرچەندە لەسەر فێمێنیزمی تاکڕەو قسەو بیری جیاوازی لەسەرەو

هەندێک بەجۆرێک لە ڕەگەزپەرستی بەرامبەر بە ژن لێکیدەدەنەوە و هەندێکجار دەبێنە هۆی پێشێلکردنی مافی کەسی بەرامبەر.

**فێمێنیزمی مائریالی..**

ئەم چەمکە یەکەمجار لەساڵی 1975 دا لەلایەن( کرستن دلڤین) بەکارهات، کە جەخت لەسەر لایەنی ئابووری ژن دەکاتەوەو، دەیەوێ لە چوارچێوەی کاری ماڵی دەریبهێنێت و خۆی کاربکات، کە ئەوکاتیش دەستی لەنێو گیرفانی خۆیدا دەبێت و چاوی لە کەسی بەرامبەر نابێت.

**فێمێنیزمی موحافیزکار..**

فێمێنیزمی جیاکاری دەکەوێتە بەر شەپۆلی دووەم کە دەیەوێ پارێزگاری لەهەندێ لە کارەکانی ناو کۆمەڵگە بکات بەو مەرجەی ڕێگر نەبێت بەرامبەر سنووری ئازادی تاکەکەس و کار نەکاتە سەر بیروبۆچوونە خودیەکانی تاک و کەسانی خۆپەرست چەمکی ئازادییەکە نەقۆزنەوە بۆ شتێک کە دژی ئاکاری کۆمەڵگەیە، واتا ئەم تیۆرە باوەڕی بە سێکسی هاوڕەگەز نییەوبە شتێکی نامۆی لە قەڵەم دەدات و پێیوایە سنوری ئازادی تاکەکەس لێرەدا کۆتای دێت کە سنوری ئازادی کەسێکی تر دەشکێنێ.

**فێمێنیزمی جوداخواز..**

ئەم جۆرەیان پێچەوانەی ئەوەی پێشووە، پێیوایە لەبەرئەوەی جیاوازیەکانی نێرومێ چارەسەری نییە، بڕوایان بە سێکس لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر نییە، سەرەتای ئەم بۆچوونە لە ساڵی 1967 لەلایەن پرۆفیسۆری بەشی ئینیک لە ئەمریکا دەرکەوت و هەر ئەویش ڕێکخراوێکی دامەزراند بەناوی شانەی 16، بەڵام کاریگەری نەبوو لەنێو بزوتنەوە فێمێنیستیەکاندا و وەکو خۆی مایەوە، بەڵام پاش ماوەیەک هەندێ کەسانی میانڕەو سەرهەڵئەدەن کە پێیانوایە پیاوان ناتوانن پێشنیاری باش بۆ کێشەی ژنان بکەن، هەر پێشنیارێکیش کە کردیان ئەوا پیاوسالارانە دەبێت، لێرەوە لەگەڵ ژناندا کەوتنە کارکردن بۆ ئامانجە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی ژنان و خێزانێک کە تەنها لە ژن پێکهاتبێت و کار لەگەڵ پیاودا

نەکاتٕ، یان بۆ هەمیشە بە سەڵتی و بێ هاوسەرایەتی بمێنێتەوە.

**فێمێنیزمی پۆستمۆدێرن..**

ئەم تیۆرە یەکەمجار لەلایەن فەیلەسوفێکی ئەمریکیەوە بەکارهێنرا کە لە تیۆرەکەیدا ڕەخنە لە سیمۆن دی بۆڤوار و میشێل فۆکۆ و فەیلەسوفی فەرەنسایی (لاکان) دەگرێتٕ، کە پێیوایە ئەمانە جیاکاریان لە نێوان بایۆلۆژیاو جێندەردا دروستکردووە، چونکە ئەو لەو کتێبەیدا جەختٕ لەسەر چەمکی سێکس و زمان دەکاتەوە و پێیوایە سێکس خۆی لە ستراکچەرە زمانەوانیەکاندا بنیادنراوە، هەروەها پێوایە سەرجەم ژنان ئەزموونی ڕێگەیەکی ژنانەی هاوبەش دەگرن و هەموو ژنانیش خۆیان لە شانی پیاودا دەبیننەوە.

**فێمێنیزمی سۆسیالیستی..**

ئەم تیۆرە جەختٕ لەسەر کیانی تاکەکەسی و ژیانی گشتی ژن دەکاتەوەو پێیوایە هەتا کۆتایی بە کێشە کلتوری و ئابووریەکانی ژنان نەیەتٕ کۆتای بە کێشەی ژنان نایەتٕ. واتا ئەم تیۆرە تێکەڵەیەکە ڕەخنەگر لە فکری فێمێنیزمی مارکسی و رادیکاڵ، چونکە مارکس پێیوایە سیستمی سەرمایەداری چەوسانەوەی ژنی لەهەناودایەو، پێیوایە کە سەرکەوتوو نەبووە لە دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان سیستمی باوکسالاری و چینایەتیدا، بەڵام سیستمی سۆسیالیستی هاوکاری یاسای بێبەرامبەری پێشکەشکردووە و ژنیش لێی بێبەشنەبووە.

**سەرچاوە:**

www. answers. com/topic/feminism. .

## فێمێنیستی و هەستی گەڕان بە دوای شوناسدا

ئا:لوقمان رەئوف

### زاراوەی فێمێنیزم

وشەی فێمێنیزم(feminism) وشەیەکی لاتینییەو لە وشەی(feminia)ەوە هاتووە، کە بە واتای ئافرەتە، واتا جێندەری(female)یش هەر لەو وشەیەوە هاتووە کە ماناکەی (مێ) دەگەیەنێت، واتا لە بنەمادا دەکرێت وشەکە (females) لە (females)ەوە هاتبێت، یان (female movement literatim)ەوە هاتووە، بەڵام هەندێکی تر پێیانوایە لە چەمکی(women liberation movement)ەوە هاتووە، کە ئەمەشیان هەر ڕاستەو سەرجەم بۆچونەکان واتای خڕبونەوە لە دەوری مێ لەخۆدەگرن.

فێمێنیزم وەک زاراوە مانا ئاسایەکەی( مافەکانی ژن و یەکسانی نێوان ژن و پیاو)دەدات. زاراوەکە لە بنەڕەتدا لەزمانی فەرەنسییەوە وەرگیراوە، لە ساڵی1890یشەوە لە زمانی ئینگلیزیدا لەبری زاراوەی (womanize) بەکاردەهێنرێت، ئەم زاراوەیە لە ئینگلیزیدا لەجێی(women movement)، کە بەواتای (بزوتنەوەی ژنان)دێت، ئەمەش بوو بە تێرمێک و هەموو چالاکییەکانی ژنانی گرتەوە لەو ڕێکخراوانەدا کە خەباتیان لە پێناوی یەکسانی ژنان و پیاواندا دەکرد.

وشەی فێمێنیزم وەک چەمکێکی سیاسی بۆ یەکەمین جار لەساڵی 1890دا لە ژمارە یەکی ڕۆژنامەیەکی رۆژانە بە(la frowned) لەلایەن marguerite Durand بەکاربراوە. لە بەریتانیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێشتر فێمێنیزم مانای(ژنان)، یان سیفەتی ژنانە دەبەخشێ، هاوکات خەبات بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی ژن بە ومانیزم(womanism) ناو دەبرا. ڕێکخراوەکانی بزوونتەوەی ژنان پێیدەوترا (بزوونتەوەی مافەکانی ژنان) کە جەختی لەسەر بەدەستهێنانی مافە مەدەنییەکانی ژن دەکردەوە.

فێمێنیزم لای (کاستلز):"ئەو پەیمانەیە کە دەیەوێت کۆتایی بە دەسەڵاتی ڕەگەزی نێرینە بهێنێت و ئەو ڕابوونەیە کە جەوهەرەکەی بریتییە لە دووبارە

پێناسە کردنەوەی ناسنامەی ئافرەتان».

هەروەها " فێمێنیزم زانستێکە سەبارەت بە ژنان، بەڵام هەر نەک بۆ ئەوان بەتەنیا، بەڵکو بۆ پیاوانیش، لە لایەکی ترەوە هەندێ کەس وەکو بزوتنەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت ئەدەبیش لە قەڵەمی دەدەن، فێمێنیزم لەگەڵ دەسەڵاتی پیاو بەسەر ژندا دەکەوێتە بەربەرەکانێ و ژێردەستەبوونی ژنی پێقبوڵ ناکرێت.

درود دالروپ(drude dialrup) لە کتێبی ئەنتۆلۆژی (بزووتنەوەی نوێی ژنان the new women movement)دا دەڵێت:"پێمباشترە پێناسەیەکی بەرفراوانی فێمێنیستی وەک ئایدۆلۆژیەک بکەم، کە ئامانجی بناغەیی نەهێشتنی هەڵاوێردن و نزم ئێڕوانینی ژنانە و نەهێشتنی سەروەری و دەسەڵاتی پیاوە لە کۆمەڵگەدا»

رۆزالیند دالمار(rosalind Delmar)یش لە کتێبی ئەنتۆلۆژی (فێمێنیزم چییە؟what is feminism)دا دەڵێت:" ئەمڕۆ فێمێنیستەکان لە پلەیەکی بەرزدا فێمێنیزم وەک بیرکردنەوەیەک دەبینین کە ژن خۆی دایهێناوە و تایبەتمەندێتی ژنی تیا بەرجەستەیە. ژنان خۆیان سوبجێکتی فێمێنیزمن و خۆیان تیۆری فێمێنیزم و سیاسەتی فێمێنیزم دادەڕێژن»

ئایدیای فێمێنیستی هەوڵدەدات بۆ دەستەبەرکردنی گوتارێکی ژنانە کە لە میانەی جیهانبینی و مەعریفی ژنەوە گەڵاڵەبووبێت، لەپێناوی یەکدەنگی بۆ یەکگرتنی ژن کار بکات، بزانێت دەسەڵات و سیاسەت ئاوازی لەناوبردن نیین، بگرە ئاوازی بنیاتنان و ڕێکخستن و ئاسانکاری ژیان و بەرجەستەکردنی تەبایی و ئاسایش و ئاشتی و مەعریفییە بۆ مرۆڤ، چونکە ژنی فێمێنیست دەزانێت بەرلەوەی باس لە دەسەڵاتی ژن بکات، دەسەڵاتی و ژنیش پابەندی ئاستی کۆمەڵایەتی و هەلومەرجی گۆرینێتی، کە ئەمەش دیسان پابەندی ڕێسا ئابووری و رۆشنبیری و هۆشیارییەکان دەبێت.

فێمێنیستەکان باوەڕیان بەچەند بەرئەنجامێکی بناغەیی هەیە، کە ساکارترینیان ئەوەیە، کە ژن و پیاو مرۆڤن و دەبێ لای کەم، وەکو یەک بەهرە لە مافە مرۆڤایەتییەکەی خۆیان وەرگرن، ئەو یەکسانییەش دەبێ لەلایەن گشتەوە قبوڵکرابێ و کۆمەڵگەو یاسا دانیان پیادانابێ. پێیانوایە دەبێ ئەو سیفەتانەی کە

داب و نەریت لە پرەنسیپدا بەهی ژنی دادەنێت، بەهەمان شێوە بەگرنگ دابنرێ، وەک ئەو سیفەتانەی کە داب و نەریت بە پرەنسیپ بە پیاوانەی دەزانێ، بۆ نمونە خۆشەویستی و سۆز دەبێت بە گرنگ بنرخێندرێت، وەک چۆن دەسەڵات و هێز بە گرنگ دەنرخێندرێت. فێمێنیزم کاری ئەوەیە هاوکێشەیەک دروستبکات کە ژنان و پیاوان لەڕوی بەهای مرۆڤایەتی و مافەوە یەکسان بن، فێمێنیستەکان ئامانجیان ئەوەیە کۆمەڵگەیەکی مرۆڤانەو ئایدیاڵ بێنە بەرهەم. کە دەسەڵات و سەپاندن باوی نەمێنێت.(10)

کـەژاڵ ئەحمەد دەڵێت:"فێمێنیزم بزووتنەوەیەکی ژنانەیە پەیڕەو پڕۆگرامی حیزبی نییە و پەیامەکانی مەزهەبێکی ئاینی نییە. ئایدیاکە لە خواستە چەپێنراوەکانی کچان و ژنانی دنیاوە هەڵقوڵاوە ساڵ لەدوای ساڵ تەشەنەی کردووە.(11)

کەوایە فێمێنیزم بزووتنەوەیەکی ژنانەیە کە هەڵقوڵاوی ناو دنیای مۆدێرنەو شارستانییەتی ڕۆژئاوایە، هەوڵدەدات دەسەڵات لە دەستی پیاو بسەنێنەوە و بە شێوەیەکی یەکسان دابەشی بکات لە نێوان هەردوو ڕەگەزەکەی کۆمەڵگەدا، هەروەها دەرهێنانی ژنە لە پەراوێزی گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگەداو کردنێتی بە بونەوەرێکی داهێنەر و ئەکتیڤ.

## مێژووی سەرهەڵدانی فێمێنیزم

زۆربەی مێژوونوس و فەیلەسوفان، سەدەی هەژدەهەمیان بەکاتی لە دایکبوونی ئەم ئەم بیرە فەلسەفییە داناوە. هۆکاری ئەوەش دەگەڕێننەوە بۆ ئەوەی کە سەدەی هەژدەیەم گۆڕنکاری زۆری ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی بەهۆی شۆڕشی پیشەسازی و گەشەسەندنی خێرای باری ئەوروپا بەهۆی ئەو شۆڕشەوە سەریهەڵدا، هەروەها لە ئەمریکاو ئوسترالیا و نیوزلەندا گەشەیەکی شارستانی خێرا ڕوویدا، بە ملیۆنەها مرۆڤ لە لادێکانەوە ڕوویان لە شارەکان کرد، بەوەش ناچاربوون دەست لە داب و نەریتی لادێیانەی خۆیان هەڵگرن و بە جۆرێکی تر کە لەگەڵ ژیانی شارەکاندا بگونجێت ڕەفتار بکەن، بەوەش ستراکتۆری کۆمەڵگە گۆڕانکارییەکی نایابی بەخۆیەوە دی. هاتنی بەکۆمەڵی

ژنان بۆ مەیدانی کارو چالاکی ئابووری لە وڵاتە ئەوروپییەکان، دوای ڕاپەڕینی پیشەسازی و بەتایبەت لەدوای شەڕی گشتگیری جیهانی بوو. لەو سەردەمەدا پەیتا پەیتا ڕوانگەی نەریتی بۆ بنەماڵە گۆڕدرا و ئاڵوگۆڕێکی قوڵ لە ڕوانگەکانی ژندا سەبارەت بە چۆنێتی ژیان سەریهەڵدا.

شۆڕشی پیشەسازی کارگەکانی لەبەردەم ژناندا ئاوەڵا کرد. باوک کە سەرپەرشتی ماڵ و تاقە هێزی بەرهەمهێنەر بوو لە خێزاندا، فریای بەخێوکردنی تەواوی خێزان نەدەکەوت، ئەو کچانەی کە هێشتا شویان نەکردبوو و باوک بەرپرسیاری بەخێوکردنیان بـوو، هەروەها بێوەژنان کە سەرپەرشتکەر و بەخێوکەریان نەبوو، کەوتنە ئاستەنگی ژیانەوە و دەبووایە دەرفەتی کارکردن و خۆژیاندن بۆخۆیان دابین بکەن، ئەو کچ و بێوەژنانە دەستیان بە چالاکی کرد لە بواری بەدەستهێنانی مافی کارکردن و توانیان بەدەستی بهێنن. هەرچەندە کاری دەرەوەی ماڵ بۆ ژن دژوار بوو و داهاتەکەشی کەم بوو، بەڵام دەرفەتێکی ڕەخساند بۆ چالاکی ئابوری و کۆمەڵایەتی، هەروەها دەسەڵاتی ئابووری پیاوی لە سەر ژن کەمکردەوە.

بەو جۆرە ژنیان لە چوارچێوەی ماڵ دەرهێناو ڕووبەڕووی بازاڕی کاریان کردنەوە، ئەو کچ و بێوەژنانە بناغەی خەباتی نەپساوەی فێمێنیستیان داڕێژا، تا دەهات داواکان پترترو بە ناوەڕۆکتر دەبوون، تا گەیشتە داوای دەنگدان و خۆپاڵاوتن، بۆئەوەی لە کەناڵی سیاسەت و دەسەڵاتی سیاسیەوە داوای ژنان ڕابگەیەنن و بەرگری لە مافەکانیان بکەن و دەستکەوتەکانیان بپارێزن. ژنان لەبارەی ئابوورییەوە بەم شێوەیە وردە وردە سەربەخۆ بوونەوەو وەکو وزەی کار هاتنە نێو مەیدانەوە و هەستیان بە نابەرابەریەکان کرد. ژنان ئیتر نەیاندەتوانی بێدەنگ بمێننەوە، کەوتنە دژایەتی کردن و خەبات دژی ئەو یاسایانەی تێیدا دادگەری بۆ کار نەبوو و ئەمجارەش هێرشیان کردەسەر دەسەڵاتی پیاوسالاری. بزووتنەوەی ژنان لێرەوە ڕواڵەتێکی کۆمەڵایەتی بەخۆوە دەگرێ و هێدی هێدی دەبێتە شتێکی جیهانی. ئەگەرچی پێویستیەکانی پەیوەندی سەرمایەداری لە لایەکەوە بەشداری ژنان لە بواری ئابووریدا وەک هێزی کاری هەرزان و کاری ڕۆژانە، بۆ گەیشتن بە نیازو پێداویستیەکانی سەرمایەداری هێنایە ئاراوە و بەرە

بەرە دەرگای شوێنەکانی کارکردنی بۆ ئاوەڵا کردن، بەڵام لەلایەکی دیکەوە بیرۆکە دواکەوتوەکانی سەرخانی نیزامی پێشوو، کە ئێستاکە لە سیستمی نوێ بە شێوەیەکی دیکە خۆی دەرخستبوو، لەگەڵ بەربڵاوی چالاکی ژنان لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و کاراییە تواناییەکانی ئەوان لە ساغکردنەوەی کۆمەڵگە دژایەتی دەکراو کۆمەڵگەی لە بەشێکی بەرچاو لە توانایی و لێهاتوویی نیوەی کۆمەڵ بێبەشدەکرد. هەر لەم خاڵە نارۆشنەوە بوو کە بناغەکانی مادی و واقیعی بزوتنەوەی ژنان بۆ چارەسەرکردن و دەربازکردنی کۆمەڵگە لەم دژوارییە شکڵی گرت کە تا ئەمڕۆش درێژەی هەیە.

لە ڕۆژگاری شەڕی سەربەخۆی ئەمریکادا لە ساڵی (1775–1783)، بۆ یەکەمجار ژن درکی بەوە کرد کە مافی سیاسی و ئابووری و پیشەیی هەیە و داوای مافی هەڵبژاردنی کردوو ڕووبەڕووی دەسەڵاتە تۆلیتارییەکانی بویەوە. ئەو ئامانج و خواستەی ژنی ئەمریکی کاریگەری خۆی گەیاند بە ژنانی فەرەنسا و لەو وڵاتەدا (8) هەزار ژنی کرێکار و سەوزە فرۆش لە ساڵی (1789)دا هێرشیان کردە سەر کۆشکی ڤێرسای بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی خۆیان لە نان و ئازادیدا، کەواتە لێرەدا هەستی بە پێویستی هەبوونی گروپی فێمێنیستی کراوە، ئەگەر وەکو چەمکیش ناوی نەنرابێت فێمێنیست، چونکە یەکدەنگی و یەک ئامانجی هەمان واتا دەگەیەنێت، بەڵام سەرهەڵدانی پرۆسەی فێمێنیزم وەکو واتاو کاری ژن دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی بیستەم.

ڕەنگە بتوانین بڵێین بە درێـژای سـەدەی بیستەم فێمێنیزم یەکێک بووە لەو بزاڤە کۆمەڵایەتی و هزریانەی زۆرترین مشتومڕی لە ئاستی جیهاندا دروستکردووە. ئیتر لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە بزوتنەوەی فێمێنیزم بەهێزێکی جیاوازەوە لەڕووی ئەدەبی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و یاساییەوە دەرکەوت،بۆیە زۆر لەو گۆڕانە کۆمەڵایەتی و سیاسی و یاساییەکان لە ڕەوشی ژنان لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا دەشێ لە یەکەمجاردا بە هەڵقوڵاوی ئەو بزاڤە لە قەڵەمبدەین. لەو گۆڕانانەش ئامادەیی ژنان لە کایەی گشتیدا بەشێوەی جیاواز، لەوانەش کارکردن لەکایەی ئابووری و بەشە جیاوازەکانی پلەوپایە حکومییەکان ، مافی دەنگدان، ئەندامێتی پەرلەمان، کابینەی حکومەت و دەسەڵاتی قەزایی،

بەهرەمەندبوون لە مافە مەدەنییەکان،.....هتد ئەم بزاڤە لە هەموو جیهاندا وەکو یەک کاریگەر نییە، لە وڵاتانی پێشکەوتووی وەک خۆرئاوای ئەوروپا، کەنەدا و ئوسترالیا بزاڤێکی ڕەنگاوڕەنگ و گشتگیرترە کە دزەی کردوەتە هەموو بەشەکانی کۆمەڵگەوە، لە کاتێکدا لە هەندێ وڵاتانی ئەوروپادا توانیویەتی بچێتە ناو دام و دەزگاکانەوە و ببێتە تۆڕێکی پێکهاتوو لە چەندین ڕێکخراوی فێمێنیستی کە لەگەڵ یەکتردا لە ململانێدان و خۆراک بەیەکتریش دەبەخشن. بارودۆخەکە لە وڵاتانی بلۆکی سۆسیالیستی پێشوو جیاوازە، چونکە لەو وڵاتانە جاران فێمێنیزم بەهۆی بەرەنگاربوونەوەی لەگەڵ سیستمی داخراوی تاک حیزبیدا کاریگەرتربوو. لە وڵاتانی ئاسیا(ژاپۆن، کۆریا، چین، تایوان) بەهۆی ئامادەیی بڕیاردەرانەی باوکسالارییەوە بزوتنەوەی فێمێنیزم هێندە پەرەی نەسەندبوو، بەڵام بێکاریگەریش نەبووە بەتایبەتی لە گۆڕینی هەندێ یاسادا، بەڵام بێ دوودڵی گرنگترین و ستەماتیکترین هەوڵی ژنان بۆ ڕەخنەگرتن لە هەلومەرجی هەیی و خستنەڕووی ئەو مافەی دەیانەوێت دەبێت لە بەرگریکردن لە مافەکانی ژنان لە بەرهەمی (ماری وڵستۆن کرافت)ی ئینگلیزیدا بدۆزینەوە، کە بە یەکەمین ڕاگەیاندنی گەورەی فێمێنیستی بە زمانی ئینگلیزی دادەنرێت و بە زۆری لە نووسینی مێژووی فێمێنیزمیدا ئەو بە خاڵی دەسپێکی ئەم هزرە دەژمێرن، یاخود تەنانەت وەکو ئینجیلی فێمێنیزم ناوی دەبەن. و دەوترێت بەرهەمەکەی سەرەکیترین هەوڵ و پێشەکییەکە کە فێمێنیزمی تاکخوازانە لە فۆرمەلیزکردنی گوتاری فێمێنیستیدا هەیەتی. هەوڵیداوە ئەم دەستەواژەیە کە دەبێت مرۆڤەکان مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان هەبێت ژنانیش بگرێتەوە. وڵستۆن کرافت بە توندی ڕەخنە لە رۆسۆش دەگرێت لەبەر تێگەیشتنەکەی لە سروشتی نزمتری ژن و لە بەرامبەردا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هەموو مرۆڤەکان خۆبەخۆ بونەوەری ئەقڵانین کە میراتگری هەندێ مافن، لەوانەش مافی یەکسان سەبارەت بە ئازادی. بەهێز بوون و بڵاوبوونەوەی بزاڤی فێمێنیزم بەسەراپای جیهاندا، بە تایبەتی لە کۆتایی ساڵانی شەست و سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا. (کاستلس) بەڵگە بۆ ئەو ڕاستییەی دەهێنێتەوە کە بزاڤی نوێی فێمێنیزم شتێ نەبووە جودا لەو بزاڤە کۆمەڵایەتیانەی کە پێشتر لە دەیەی شەستی سەدەی بیستەمدا لە ئارادا بوون،

بەڵکو فێمێنیزم لەناو ئەو ژنانەوە دەستیپێکرد کە بەشداربوون لە بزاڤەکاندا و ئێستاش لە دژی باوکسالاری و ئەو سود وەرگرتنە خراپانە هەستابوون کەلەناو بزاڤەکانیشدا ئەوانی ئازاردابوو.

فێمێنیزم بەدوو شەپۆل دەبینرێت، یەکەمین شەپۆل لە ساڵانی (1830–1920)، دووەمین شەپۆلیش لە ساڵی (1960) هەتا ئێستا دەگرێتەوە، ئەو سەردەمە هەڵبەتە ساڵی (1920–1960)یش دەگرێتەخۆ کە بەدەوری لاوازبوون و ڕاوەستان دەناسرێت. زەمینەی شەپۆلی یەکەم لە دیدگای مافەکانی لیبراڵی کلاسیکیدایە کە زمانی (جۆن لۆک) لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم بە شێوەی فراوانتر لەوێدا دەمێنێتەوە و خێراترین کاریگەری ئەم دیدگایەش لە ئەمریکا بوو، بەرنامەی گشتی ئەم سەردەمە بریتی بوو لە سەلماندنی مافی دەنگ بۆ ژنان و فراوانتر کردنی مافەکانی مەدەنی ئەوان. شەپۆلی دووەمی فێمێنیست لە فەرەنسا بە (سیمۆن دیبۆڤوار) دەناسرێت، ئەو ئەدەبیات وەک گرنگترین مانای دەسەڵاتی باوکسالاری لە بنەماڵەدا دەناسێنێ. سیمۆن دیبۆڤار لەو باوەڕەدایە کە نووسەرانی پیاو ڕوانگەیەکی کۆنەپەرستانەیان سەبارەت بە ژن هەیەو نووسەرانی پیاو لە بابەت ژنانەوە دەنوسن تاکو باشترو بە تەواوی خۆیان بناسن. ڕوانگەی سیمۆن دیبۆڤوارەوە لە جەرگەی هەموو فێمێنیستە فەرەنسیەکاندا شەپۆلێکی بەهێز هەیە.

کەوایە لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە بزووتنەوەی فێمێنیستی بە هێزێکی جیاوازەوە لە ڕووی ئەدەبی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و یاساییەوە دەرکەوت، هەر ئەو هێزە جیاوازەی فێمێنیست بوو دابەشیکردن بەسەر فێمێنیستی لیبراڵ، ڕادیکاڵ، ئیسلامی، مارکسی، .....هتد. خستیە پەراوێزی چەمکە سیاسییەکانەوە کە لەو کاتەدا دەرکەوتن، بەپێی ناوی ئایدۆلۆژیاو گروپە سیاسیە جیاوازەکان ئایدۆلۆژیای فێمێنیستی دابەشکراو، ئیتر لەوێوە واتا ڕاستەقینەکەی خۆی دۆڕاندو بووبە پاشکۆی عەقڵ و بۆچونە جیاوازەکان نەک بزووتنەوەی ژنناسی یان فێمێنیست.

**لە هەستی فێمێنیستییەوە بۆ گەڕان بەدوای شوناس لە نووسیندا**

هەستی فێمێنیستی هەستێکی مرۆڤگەرایی یۆنڤێرساڵییە، بۆ لێسەندنەوەی حەقیقەتی پیاو و ئەو هەموو زوڵم و زۆرەی کەئەو کائینە بەسەر ژندا ئەیهێنێت و هەموو حەقیقەتەکانی لە مشتی خۆیدا کۆدەکاتەوە، فێمێنیستی لە سادەترین پێناسەدا بە ئاگا هێنانەوەی ژنانە لە زوڵم و زۆری پیاو و لە هەموو ئەو قەهرو نەگبەتیانەی کە لەلایەن پیاوەوە بەسەریدا هاتووە و هەموو هێزو برست و داهێنانێکی لێبڕیوە. فێمێنیستەکان ئەوانەن کە جورئەتێکی چەپڕەوانەیان هەیە، چونکە بەبێ هەستێکی دنیایی و هەستێکی هیومانتیکانەو دوورکەوتنەدا، میتافیزیک و دین تەنها دەسەڵاتی پاتریاتیکی لێدەکەوێتەوەو هیچیتر. مانەوەی دەسەڵاتی باوک زۆر هۆکاری هەیە، بەڵام یەکێک لە هۆکارە قوڵەکان هۆکاری دینییە، بە واتایەکی تر ئێمە ناتوانین لافی فێمێنیستی و ژنخوازی بدەینە پاڵ کەسێک کە تا ئێسقان لەناو شەپۆلی دینیدا غەرق بووبێت و لەناو گەرداوی دیندا نوقوم بووبێت.

فێمێنیست هەڵدەستێت ئیندیڤیدواڵکردنی ژن و کردنی بە خاوەنی خودی خۆی و لێسەندنەوەی هەموو تۆوێکی ئەوەی تر کە پێوەی نوساوەو تا سەرئێسقان شوناسی کوشتووە و لەناو بۆتەیەکی پیاوانەدا ونیکردووە، (جۆن لۆک) لەم بارەیەوە دەڵێت :" ژنان خاوەنی توانای عەقڵی و لێکدانەوەن، دەتوانن بەڵێننامە ببەستن و مافی موڵکایەتیان هەبێت».

بە واتایەکی تر بوونی سەربەستییەکی ئابووری و مادی ژنان شوناسی حەقیقی خۆی بۆ دەگەڕێنێتەوە و لە پەراوێزی پیاو دەردەچێت و دەبێتە کەسێکی دیارو لێهاتوو لە کۆمەڵگەکەیدا. ئەوە شتێکی ئاشکرایە کە پاشکۆیەتی ئافرەت بۆ پیاو ناگەڕێتەوە بۆ کەم و کوڕی پێکهاتە بایۆلۆژیەکەی، بەڵکو ئەوە ئەنجامێکی مێژووییە بۆ ڕاستیەکی ئابووری، هەروەها پێشکەوتنی خاوەندارێتی تایبەتی مۆنۆپۆڵکراو لەلایەن پیاوانەوە بواری فراوان کرد بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتی پیاو، بەو مانایەی بەبێ بوونی هێزێکی گەورەی مادی ژن و دروستکردنی قەوارەیەکی گرنگی ئابووری تایبەت بە ژن و ئیندیپێندێنت کردنی لە لایەن ژنەوەو لێسەندنەوەی لە دەسەڵاتی پیاو، ژن ناتوانێت شوناسی خۆی بەدەستبهێنێت و هەر بە پاشکۆی و پەراوێزی و گۆشەگیری دەمێنێتەوەو هەرگیز ناتوانێت هەنگاوی گەورەو فراوان هەڵبهێنێت

و بەرەو سەرکەوتن و گەشەسەندن هەنگاو بنێت، بوونی نەخشەیەکی گەورەی ئابووری لەلایەن ژنەوە سڕینەوەی مۆنۆپۆڵکردنی دەسەڵاتی پیاوەو کەمکردنەوەی ئەو دەسەڵاتە زەبەلاحەیە و یەکسان کردنێتی لەگەڵ دەسەڵاتی ژندا، کە ئەمە بە قوڵی لەلایەن فێمێنیستەکانەوە جەختی دەکرێتە سەر و بە قوڵی باسی لێوە دەکرێت، (ئەنتوانێت فوک) دەڵێت:"بەڕای من ئافرەت سێ ئەرکی جیاوازی هەیەو پێویستە دان بەو سێ ئەرکەدا بنرێ، ئەرکیماڵەوە، ئەرکی ناوکۆمەڵگە، ئەرکی بەرهەمهێنانەوەی ئینسان"، بەم پێیە چەقینی ژن لە ماڵەوە و گۆشەگیربوونی لە حەوشەی پیاو و باوکدا، هۆکارێکی گەورەیە بۆ لێسەندنەوەی تواناکانی و کوشتنی سەربەستی و داهێنانی، بۆیە فێمێنیزم بە پلەی یەکەم هێنانە دەرەوەی ژنە لە ماڵەوە بۆناو کۆمەڵگە، (میشلە) دەڵێت:"یەکێک لەو نەفرەتانەی بەسەر ژندا سەپێندراوە، ئەوەیە هەر لە منداڵیەوە لەناو کەشێکی پڕلە ژندا دەژی." بەو مانایە هاتنی ژن بۆناو کۆمەڵگە و ڕاکرنی لەژێر دەستەیی پیاو و خۆهەڵواسین بە تواناو بەهرەکانی خۆیدا کەلە نووسیندا بەرجەستە دەبێ، کە ئەوپەڕی سەربەستی و سەربەخۆیی ئافرەتەو پڕۆژەیەکی گرنگیشە بۆ چەسپاندنی ژنێتی و مرۆڤێتی خۆی. زۆر جار ژن نووسین بەکاردەهێنێت بۆ یەکلایکردنەوەی ناکۆکیەکانی خۆی لەگەڵ پیاو یان دایک یاخود کۆمەڵگەی نێرسالاری بە شێوەیەکی گشتی، واتا نوسین ئەو چەکەیە کە ئافرەت بە قوڵی دەتوانێت ڕووبەڕووی پیاوی پێببێتەوە و شوناسی خۆی بسەلمێنێت و لەژێر دەسەڵاتی پیاو بێتە دەرەوە، هەموو بەستنەوەیەکی ژن لەژێر سێبەر و بازنەی پیاودا و باڵکردنی ڕۆشتن و چوونە دەرەوەو قەدەغەکردنی لە نووسین، جگە لە وەهمێکی پاتریاکی و ڕەهەندێکی نێرسالاری هیچی تری بۆ تەفسیر ناکرێت. نووسین هۆکارێکی گرنگە بۆ بەدەستهێنانەوەی تایپی حەقیقەتی ژن بۆ دروستکردنی شوناسێکی ڕوون، دوور لە هەر تەئویلێکی پیاوانە.

## فێمێنیزمی کوردی

مێژووی دەسەڵات و ڕامان و بیرکردنەوە و زانستخوازی ژنی کورد لەڕووی مێژووییەوە پێش ژنی عەرەب کەوتووە، بەڵام لەبەرئەوەی کورد بایەخی

بە مێژووی ژن نەداوە، گرانترین شت لێکۆڵینەوەیە دەربارەی ژنی کورد، چونکە هیچ سەرچاوەیەک دەست ناکەوێت کە بتوانرێت پشتی پێببەسترێت.

لەگەڵ ئەمەشدا مێژووی کورد سەدان ژنە شۆڕشگێڕو خاوەن هەڵوێست و ڕۆشنبیر و داناو خوێندەواری لەخۆگرتووە، وەکو(مەستورەی کوردستانی، خاتوو شاناز، فاتمە کوردی، عیسمەت ئەیوبی، ست ئەلعێراق، مۆسە خاتوون، عەزرا خاتوون، عادیلە خانم، زوموردە مەلیکە، فاتمە خانی قەرەچێواری، شاە خاتوون، وەلیە خانم ئەردەڵانی، فاتمەخانی ڕەواندزی، عیسمەت قازی محەمەد، حەپسەخانی نەقیب، ....هتد)، ئەمانە بەشێکی کەمی ئەو ژمارە زۆرانەی ژنی کورد بوون، سەکۆی زانست و چاکسازی و ڕاوێژکاری پیاوان و دروستکردنی قوتابخانەیان لە چەندین شوێنی جیاوازدا گرتبووە دەست، کەچی وەکو حوکمڕانیکردن دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی هەمیشە هەوڵدراوە لە پاشکۆی پیاوی عەشیرەتەکانیاندا بن و مانگی دەسەڵات تەنها لەشەوی پیاودا هەڵبێت.(2)

ئەگەرچی هەندێ لەو ژنانە گەیشتوونەتە ناوەندی دەسەڵات، لەوانە خانزاد سەرۆکایەتی ئیمارەتی سۆرانی کردووە، وەلیە خانم ئەردەڵانی ژنی خوسرەو خانی کوڕی ئەمانوڵڵا بووە، لەپاش مردنی پیاوەکەی فەرمانڕەوایی ئەردەڵانی گرتوەتە دەست. غازییە خاتوون فەرمانڕەوایی شاری(محاە)یی کردووە. شاە خاتوون ژنی میر شەمسەدین بووە، پاش کۆچی دوایی میر فەرمانڕەوایی ناوچەکەی کردووە. فاتمە خانی ڕەواندزی پاش مردنی مێردەکەی ئیش و کاروباری هەشت دێی گرتوەتە دەست. ماە شەرەفخانی کوردستان جگە لە ڕووی ڕۆشنبیری و توانای داهێنانی و فەرمانڕەوایکردن، پاش مردنی مێردەکەی فەرمانڕەوایی میرنشینی لوڕی بچووکی گرتبووە دەست(3)، بەڵام ئەگەر سەیری ئەم فەرمانڕەوای و دەسەڵاتی سیاسیانەی ئەم ژنانە بکەین دەبینین دەسەڵاتێکی فیودالیزمی بۆماوەیی بووە، ئەوەش دەریدەخات کە ئەو چەند ژنەش گەیشتونەتە ناوەندی دەسەڵات و سەنتەری بڕیاردان بەتەنها لەڕێگەی تواناو سەربەخۆی خۆیانەوە نەبووە، بگرە وەکو میراتگر و جێگریی پیاوێکی کردووە و کارەکانی ئەوی گرتوەتە ئەستۆ و جێبەجێکاری بڕیارەکانی پیاو بوون، هەروەها هەندێکی تریان زیاتر پەیوەستی مەسەلە مرۆڤایەتییەکان بوون بە گشتی، نەک مەسەلەی ژن وەکو ڕەگەزێکی

پێویستە بە داکۆکیکردن.(4)

دوای شەڕی یەکەمی جیهانی و لە ساڵی (1919) بۆ یەکەمین جار یەکەمین ڕێکخراوی ژنانی کورد لە ئەستەمبوڵ بە ناوی (کۆمەڵەی پێشخستنی ژنانی کورد) دامەزرێنراوە (ئەنجوم خان)ی هاوسەری مستەفا پاشای یامولکی سەرۆکی ئەو کۆمەڵەیە بووە، ئەنجوم خان پەیماندەدات کە کۆمەڵەکەیان هەرچیەکی لەدەستبێت بۆ پێشخستنی کورد و خەبات لەپێناوی مافە ڕەواکانی دا درێخی نەکات(5)، واتا نەتەوەی کورد هێندە ژێردەست و چەوساوە بووە، هێندە پێویستی بە ژنە داناکان بووە کە بەرگری لە نەتەوەکەی بکات، ژن خۆی هێندە پێویستی پێی نەبووە بەرگری لێبکات، ئەوەش دۆخ و کارێکی نائاساییە، چونکە نەتەوەی کورد بێ ناسنامەو ئازادی بووە، کاتێکیش نەتەوەیەک سەربەخۆ نابێت، ژێر دەستەو مافخوراو بێت، خەمەکانی سەرەتا لە دەوری ڕزگارکردنی گشتی و نەتەوەیی کۆدەبێتەوە، پاش ئەو ڕزگاربوونە لە تاک و چینەکانی تر نزیک دەبێتەوە، لێرەوە ئەرکە نەتەوەییەکە لەبەردەمیدا زیاتر زەق دەبێتەوە، هەتا ئەرکی هاوڕەگەزی.

هەروەها لە 15ی مارسی 1946 ڕێکخراوەکانی ژنای حیزبی دیموکراتی کوردستان بەدەست (مینە خانم) هاوسەری قازی نەمر ساز دەکرێ و ناوی دەنێت (یەکێتی ژنانی دیموکراتی کوردستان)، ئەم ڕێکخراوە باڵی ژنانی حیزبی دیموکراتی بوو، بەهیچ شێوەیەک بەرهەمی بزوتنەوەیەکی فێمێنیستی نەبوو، لەلایەن ڕێکخراوێکی سیاسییەوە دامەزرا، کە پیاوان دەسەڵاتێکی زاڵیان بەسەردا هەبوو.(خاتوو شەهرەزادی موجاب) دەڵێت:“یەکەمین ئامانجی حیزبی ژنان بەگەڕخستنی ژنانی گەورەساڵ بوو بۆ پشتگیری لە کۆمارو لە میللەت».

هەروەها لە شاری سلێمانی ڕۆڵی هەردوو مامۆستای ژن، ئەوانیش خاتوو فاتمە محێدین لەیاد ناکەین، چونکە یەکەم مامۆستای ژن بوو لە سلێمانی دا، کە لە ساڵی 1925 ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگی هاوسەری قوتابخانەیەکی بۆ ژنان بەناوی خۆیەوە کردەوە، لەگەڵ مامۆستا گوزیدە خانم کە 35ساڵ خزمەتی ژنی ئەو شارەو ژنی کوردیان کردووە، وەکو ژنە نووسەرەکانی ئێستا هەزاران ناو و ناتۆرەو سوکایەتیان پێکراوە، تا ئەو کاروانەیان گەیاندە مەبەست. زانست

و خوێندەواری خۆیان گەیاند بە کچان و ژنانی ئەو شارەو بوون بە هەوێنی خوێندەواری و تێکۆشان بۆ بنەبڕکردنی ساتۆری نەخوێندەواری کە هەمیشە ژیان و مەیلی مرۆڤی کوردی دووکەرت کردبوو، بە تایبەت ژنان، هەربۆیەش لە زۆربەی مافەکانی بێبەری بوون.(8)

هەروەها(ڕەوشەن بەدرخان) چالاکی بزاڤی ژنان و نووسەر و وەرگێڕ بووە و خاوەنی زیاتر لە دە کتێب لە بواری پەروەردەو ئەدەب و مێژوو و یاداشتدا بووە، هەروەها یەکەمین و تەنها ژنی کورد بووە، کە لە کۆنفرانسی دژی کۆلۆنیالیزم لە ساڵی 1957 دا لە یۆنان بەشداری کردووە. بە داخەوە ژنانی کورد تا دەیەی شەست لە بواری ڕۆژنامەگەریدا لاواز بوون، لە شەست و حەفتاکانەوە ژمارەی ژنانی قەڵەم بەدەست ڕوو لە زیادبوون کرد.

لە ساڵی 1975 ژنانی باشوری کوردستان بە کۆشش و خەباتی خۆیان لە شۆڕشی گەلی کوردا، کە لەو ساڵە هەڵگیرسایەوە چەند ژنێکی تێکۆشەرو پێشمەرگە، کە توانیان کۆمیتەی بەڕێوەبرنی یەکێتی ژنانی کوردستان دابمەزرێنن و هەر لەو ساڵەشدا گۆڤاری (تەوار) بە دروشمی(ژن، خەبات، ژیان) دەربکەن. (10) لە ساڵانی هەشتاکان کۆمەڵێ ژنی نوسەر دەرکەوتن کە بەرهەمەکانیان تێهەڵکێش کردبوو لە کێشەی نەتەوەی کورد و کێشەی ژنان. تا ساڵی 1991 ژنانی کوردی باشوری کوردستان لە پێناو خەباتی نەتەوەیی دووچاری زۆر شت بوون ( ئەنفال، کوشتن، لەسێدارەدان، دەستدرێژی بۆسەریان و ئاوارەیی و شەهید بوون، ....هتد)، کە نمونەی ڕاوەستان و خەباتی ژنی کوردن، ناوی( لەیلا قاسم) لە ئاسمانی ژنی کوردا ئەستێرەیەکی گەش و بە شکۆیە.

«لە ڕاپەڕینی ساڵی 1991 ەوە کەش و هەوای باکوری کوردستان گۆڕا، دەرفەتێکی چاک بۆ چالاکی ڕەخسا، ژنانی باشوری کوردستان تا ئێستا چەندین(NGO) و ڕێکخراوی ژنانیان دامەزراندووە و چەندین بڵاوکراوەو ڕۆژنامە و نووسەرو لێکۆڵەریان هەیە و ماڵی پاراستراویان بۆ داڵدەدانی ژنان پێکهێناوە».

لەگەڵ ئەوەشدا کازیوە ساڵح دەڵێت:"بزوتنەوەی فێمێنیستی تا ئێستا لەناو کوردا نییە، نە لە ڕووی مێژووییەوە نە لە ئێستادا، هەتا ئێستا بزوتنەوەی ژنی کورد بزوتنەوەیەکی ئیفلیج و بێدەسەڵاتە"، چونکە فێمێنیزم واتا مێینی یان

کۆبوونەوە و خڕبوونەوە لە دەوری مێینەو کێشەکانیدا، هەوڵدان بە چارەسەرکردن و بە ئامانج گەیشتنی خواستەکان لە ڕوانگەی ژن خۆیەوە، چونکە ژنانی کورد ئەگەر لە ڕابردوودا کۆیلەیی و پاشکۆی عەقڵی پیاوانی خێڵ و عەشیرەت بوون، ئێستا پاشکۆی عەقڵ و پیاوانی حیزب و دەسەڵاتن.

ئێمە ئەگەر لە یەکەم ژنە شاعیری کوردەوە کە (مەستورە کوردستانی) یە سەیر بکەین، هیچ کات ناتوانین بڵێین هەستی فێمێنیستی لە شیعرەکانیدا هەیە. دەتوانین ئەم هەستە ژنخوازییە و بەرگری کردنە لە ژنان لە بەرهەمی هەندێ لە نووسەرە ژنەکانی دەیەی 80–90ی سەدەی بیستەمدا بەدیبکەین، کە لەم ساڵانەوە نووسینی شیعر لەلایەن ژنانی کوردەوە بە شێوەیەکی بەربڵاو دەستیپێکردووە، ئەو شیعرانە بەشێوەی ڕادیکاڵ و بناغەی خۆ لە شیعری شاعیرانی پیاو جیادەکەنەوەو بەرگری لە ژن دەکەن و بەرەنگاری دەسەڵاتی پیاوسالاری دەبنەوە، کە ئەم پەیامەش لە ڕێگەی شیعرەوە دەگەیەنن و خەم و ئازارەکانی ژن بە شیعر دەردەخـەن، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە ڕەخنەی ئەدەبی بەگشتی لەناو ئەدەبی کوردیدا لاوازە، شیعری شاعیرانی ژن بە شێوەیەکی ئەکادیمی قسەی لەسەر نەکراوە، هەتا ئێستاش نوسینی ژنان لە پەڕاوێزی شیعری پیاواندا دادەنرێت. ناشتوانین بەرهەمی هەموو نووسەرێکی ژن بە فێمێنیزمی لە قەڵەم بدەین، لەگەڵ ئەمەشدا چەند قەڵەمێکی دیار و بەرچاو هەیە کە بەرگریەکی تەواو لە ژنان دەکات و بە ئاشکرا بەگژ دەسەڵاتی پیاوسالاریدا دەچێ و هەوڵی شکاندنی کلتوری زوڵم و ستەم و دواکەوتویی دەدات، بانگەوازی ژیانێکی گەش و ئازاد و یەکسان دەکات کە هەموو مرۆڤەکان تیایدا بەهەردوو ڕەگەزەوە خاوەنی ماف و ئازادی و شوناسی خۆیان بن.

**ئەنجام**

لە ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەگەینە ئەوەی کە:

1– ڕەچاوکردنی مافەکانی ژن لە چوارچێوەو قەوارەیەکی دیاریکراودا،

بۆ ئەوەی بتوانن بە تەواوی زەروریەتەکانی خۆیان لەو ڕێگەیەوە بهێننەکایەوە.

2-تەواوی ئەو شۆڕشانەی کە لە ڕۆژئاوا و ئەمریکادا بەرپاکران، وای لە ژنان کرد درک بەوە بکەن، کە مافی سیاسی و ئابووری و پیشەییان هەیە و بۆیان هەیە داوای مافی هەڵبژاردنیش بکەن، و ڕووبەڕووی هەر دەسەڵاتێکی تۆتالیتاری ببنەوە کە ئامانجیان ئەشکەنجەدان و توندوتیژی بێت دژی ئافرەت.

3-دوابەدوای سەدەی بیستەم بزووتنەوەی فێمێنیزم بە هێزێکی جیاوازەوە لە ڕووی ئەدەبی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و یاساییەوە دەرکەوت، ئەم بزووتنەوانە لەهەموو جیهاندا وەک یەک کاریگەریان نییە، لە وڵاتانی پێشکەوتووی خۆرئاوای ئەوروپا و کەنەداو ئوسترالیا بزووتنەوەیەکی گشتگیربوون دزەیانکردوەتە هەموو بەشەکانی کۆمەڵگەوە، لە کاتێکدا لە هەندێک وڵاتانی ئەوروپادا توانیویانە بچنە ناو دام و دەزگاکانەوەو ببنە تۆڕێکی پێکهاتوو لە چەندین ڕێکخراوی فێمێنیستی کە لەگەڵ یەکتردا لە ململانێدان و خۆراکیش بە یەکتر دەبەخشن بارودۆخەکە لە وڵاتانی بلۆکی سۆسیالیستی پێشودا جیاوازن، چونکە لەو وڵاتانەدا جاران فێمێنیزم بەهۆی بەرەنگاربوونەوەی لەگەڵ سیستمی داخراوی تاک حیزبیدا کاریگەرتر بووە لە وڵاتانی ئاسیا، بەهۆی ئامادەیی بڕیاردەرانەی باوکسالارییەوە، بزوتنەوەی فێمێنیزم هێندە پەرەی نەسەندووە، بەڵام بێکاریگەریش نەبووە بەتایبەتی لە گۆڕینی چەند یاسادا.

**سەرچاوەکان:**

1-کازیوە ساڵح، فێمێنیستناسی جڤاکی کوردی، ل22

2-مەهاباد قەرەداغی، ئازادکردنی مێژوو، ل17

3- ڕێبوار سیوەیلی، لە پەیوەندیەوە بۆ خۆشەویستی، ل77
4- د.روئیا تلوعی، هەرگیز لە ژن بوونم پەشیمان نیم، ل161
5-ڕۆژنامەی ڕۆژین، ن:ناسر ئەمین نەژاد، و:دڵان شرفیار، ل24
6-ن:حومەیرا موشیر زادە، موراد حەکیم، لە بزاڤەوە تا تیۆری کۆمەڵایەتی دوو سەدەی فێمێنیزم، ل5
7-گۆڤاری سروە، ژمارە 230
8-لیبراڵ فێمێنیزم و سروشتی ئینسان، گۆڤاری هەنگاو، ژمارە 10، ل72
9-ئازادکردنی ئافرەت لە سیستەمی سەرمایەداریدا، گۆڤاری کاروان، ژمارە 201، ل130
10-گفتوگۆ لەگەڵ ئەنتوانێت فۆک، لەگەڵ عەقڵی خۆرئاوادا، و:ئازاد بەرزنجی، ل212
11-محەمەد نورالدین ئەفایە، ژن و نوسین، و:هەڵکەوت عەبدوڵڵا، دەروازە، دەفتەری دووەم، ل184

**گۆڤارەکان**

1-ژین، ژمارە(24).
2- سروە، ژمارە(23).
3-ئایدیا، ژمارە(7).
4-کاروان، ژمارە(20).
5-تێکست، ژمارە(5).
6-ئێستا، ژمارە(4، 12)